# جێکەوتەکانی ووتنەوەی وانەی تایبەت لەخوێندنگاکاندا
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەخوێندنگەکانی شاری سلێمانی

م. کوێستان علی
کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی کۆمەڵناسی
زانکۆی سلێمانی

**الملخص**

جاء هذا البحث نتيجة تيقن الباحث الي ضرورة اجراء بحث علمي بخصوص ظاهرة الدروس الخصوصية وتأثيرها السلبي والايجابي علي التربية والتحصيل الدراسي بشكل خاص والمجتمع بشكل عام. في سبيل تحقيق اهدافه، اعتمد البحث علي مجتمع دراسة متكون من الجنسين بنسب متساوية (٥٠%) من الذكور و(٥٠%) من الاناث، كانت اعمار غالبية عينة الدراسة ١٨ عام، حيث وجدت الدراسة الحالة الاجتماعية لاغلبية عينة الدراسة غير متزوجين، بينما الحالة المادية لهم جيدة وجميعهم من سكان المدينة. واستخلصت الدراسة انتشار ظاهرة الدروس الخصوصية بنسبة عالية بين الطلاب.

توصلت الدراسة الي استنتاجات عدة علي رأسها التيقن من سيادة الجانب السلبي للدروس الخصوصية علي المنظومة التربوية، وذلك لَان الدروس الخصوصية تخلق مدرس يتعامل مع وظيفته كأنها صفقة تجارية مربحة، تهيأ طالب غير ملتزم بدوامه الرسمي وتنقصه الخبرات، وتترك تضارباً علي منهجية النظام التربوي. توصلت الدراسة الي امكانية تحقيق معدل عالي من الدروس الخصوصية ولكن الفضل في ذلك يعود الي الطالب نفسه . كما استنجت الدراسه بان الجانب المادى للطالب له تاثير الكبيرباستعانة بالمدرس الخصوصى واشارة الدراسةالي ان التدريس الخصوصي مصدر من مصادر اختلال الصحة النفسية للطالب.

نظراً لما تتسع هذه الظاهرة الي العديد من الدراسات والبحوث العلمية، فقد وجد الباحث ضرورة حصر هذه الدراسة في تسليط الضوو علي استعانة الطلاب بالمدرسين في تلقي الحصص الخصوصية، لذا تبني الباحث الاسباب المودية الي انتشار هذه الظاهرة في الوقت الحالي، ولا يمكن الخوض في هذا الحديث دون التطرق الي تحديد الاثار السلبية والايجابية التي تتركها الدروس الخصوصية علي التحصيل الدراسي من جهة والاسرة من جهة اخري، لعل ذلك يرشدنا الي التعرف علي الاثار السلبية التي يتلقاها المجتمع في الوقت الحالي نتيجة اقبال الطلاب علي هذه الظاهرة, لا شك ان الاقبال علي الدروس الخصوصية كما هو منتشر في الشرق الاوسط يضعف من شخصية الفرد نتيجة خروج التعليم عن سياقه المعتاد نحو صفقات تجارية يستفاد منها فئة من المجتمع.

هذه الظاهرة التي تقتصر علي السنة الاخيرة من المرحلة الثانوية تعتبر مصدر لتراكم الجهود علي اسر طلاب الدروس الخصوصية، بل الاشد من ذلك انها غيرت طبيعة العلاقة التي كانت موجودة بين الطلاب والمدرسين علي مر السنين نحو علاقة تمتاز بالهشاشة، حيث بات المدرس اقل حرصاً علي اداء دوره واقل حضوراً واهتماماً بواجباته المدرسية ولايعطي الدروس المدرسية حقها.

## Summary

The researcher found it necessary to conduct a study on after-school programs which has a more common name “private tutoring” in order to list the impacts of this phenomenon on the applied educational system in particular and the community in general. In order to achieve its objectives, the study adopted nonrandom sampling methodology of selecting the portion of the population to represent the entire population of the study. Consequently, the sampling methodology relied on equal percentage of male and female participation (%50). The age group for the majority was 18, the social status was single, the financial status was good and the majority was city resident. The research found that private tutoring is a widespread phenomenon among

Student As a result of conducting this study, many results were pointed out. Above all, the study found that the negative impact of private tutoring on educational system precedes the positive one. Based on the data collected in this study, private tutoring encourages teachers to consider this opportunity as a business transaction, encourages students to escape school classes and become less experienced, and disturbs the development of educational system. It is true that private tutoring can facilitate the process of obtaining higher marks, but only when the student is willing to. Another result of the study found that the financial status of the student eases the communication between the student and the tutor. Finally, the study found that private tutoring has a

Significant impact on the mental and psychological state of students.In view of the broader range of this phenomenon to fit many studies and scientific research, the researcher found the need to limit this study to investigate the real motivation behind students contact tutors for private tutoring. Therefore, the study focused on the actual reasons that lead to the spread of this phenomenon at the present time. Indeed, one cannot address such topic without investigating the negative and positive impacts of private tutoring on educational system on one hand and family on the other hand. Perhaps, this will lead us to recognize what the society suffers in the present time from private tutoring. There is no doubt that accepting private tutoring as it is widespread in the Middle East weakens personality of individuals. Since educational system will no longer remain embracing its usual aims, rather, education will become commercial

Transactions monopolized by some individuals, this phenomenon, which is limited to the last year of secondary school, is a huge source of discomfort on families that have students receive private tutoring. Furthermore, private tutoring has changed the nature of teacher – student relation which used to be strong over centuries. Instead, the relationship between the two sides has become weak. Additionally, teachers in the present time pay less attention to their duties at school. They less attend classes and not as serious as used to be.


## پێشەکی:

بەپێویستم زانی وەکو هەنگاوێکی زانستی لێکۆڵینەوەیەك بکەم لەسەر وانەی تایبەتو جێگەوتەکانی وانەی تایبەتو ئەو لایەنە ئەرێنیو نەرێنیانەی کە وا لەسەر پەروەردەو پرۆسەی پەروەردە بەشێوەیەکی تایبەتیو هەروەها لەسەر کۆمەڵگەش بەشێوەیەکی گشتی، کە هەیەتی بێگومان هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئادەمیزادەوە پەروەردەبوونی هەبووە و کاریگەری مەزنو ئاشکران لەسەر پەرەسەندنو گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤو بیروهزرو هەڵسوکەوتو بۆچوونەکانیدا هەبووە، هەربۆیە منیش لایەنە پەروەردەییەکەم لەڕووی سایکۆلۆژیو لەڕووی زانستو زانینو زانیاریو فێربوونو فێرکردنەوە خستۆتەڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر وانەی تایبەتیو وەرگرتنی مامۆستای تایبەتییە لەلایەن خوێندکارانەوە، هەروەها باسی ئەو هۆکارانەم کردووە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، باسی ئەو لایەنە ئەرێنیو نەرێنیانەشم کردووە کە وانەوتنەوەی تایبەت هەیەتی لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنو کاریگەرییەکانی لەسەر خێزانو تاکەکانی

کۆمەڵگە لەڕووی مادیو دەروونییەوە، لێکۆڵینەوەکەم بەکاریگەرییەکانی وانەوتنەوەی تایبەت لەبەدیهێنانی نمرە کۆتایی پێهێناوەو زیاتر هۆکاری هاندانم بۆئەوەی لێکۆڵینەوەکە بکەم لەسەر وانەوتنەوەی تایبەتیو جێکەوتەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، زیاتر سەرهەڵدانێتی لەسەردەمی ئەمڕۆمانداو زیاتر کاریگەری سلبیشی بەجێهێشتووە لەسەر کۆمەڵگەکەمان، چونکە لەڕێگەی وتنەوەی وانەی تایبەتەوە تاك بەو شێوازەی کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵات هەیە تەندروست نابێت، چونکە پەروەردە لەکرنکی خۆی دەچێتە دەرەوەو شێوازێك لەبازرگانیکردن دەبەخشێت، ئەمڕۆ مامۆستای تایبەت بەتایبەتی لەدوا قۆناغەکانی خوێندن ئامادەیی بارگرانیەکی زۆری لەسەرشانی خێزانەکان دروستکردووەو وانەی تایبەتی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکاری گۆڕیوە، لەپەیوەندی پەروەردەو مرۆییەوە بۆ پەیوەندیەکی ناتەندروست، بووەتە هۆی ئەوەی کە تێڕوانین بۆ مامۆستا وەك پیشە سەیر بکرێتو هاوکات مامۆستا لەئەرکە پەروەردەییەکان کەمتەرخەم بێتو لەکاتی دەوامی ئاساییو لەچوارچێوەی پۆلدا بابەتی وانەکە وەك پێویست نەڵێتەوە.

تەواوی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو دەروازە دەبینێتەوە :

**دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری :**

لە چەند بەش و تەوەرەیەك پێکدێت کە بەشی یەکەم باس لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دەکات کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە یەکەم کێشەی توێژینەوەکە دووەم گرنگی توێژینەوەکە سێیەم ئامانجی توێژینەوەکە. وە تەوەرەی دووەم باس لە پێناسەکردنی چەمکەکان دەکات کە خۆی لە چەند چەمکێك دەبینێتەوە بەشی دووەم پێکدێت لە سێ تە وە رە تەوەرەی یەکەم باسی لە سەرەتایەکی مێژوو دەربارەی قوتابخانە و پرۆسەی پەروەردە و ئەرکی پەروەردە وگرنگی پەروەردە دەکرێت. وە لە تەوەرەی دووەمدا باس لە کێشەکانی خوێندکاران دەکرێت وە تەوەرەی سێیەمم باس لە مامۆستاو سیفەتو تایبەتمەندییەکانی دەکات . بەشی سێیەم لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ووتنەوەی وانەی تایبەت دەکرێت و تەوەری دووەم باس لەکاریگەری وانەی تایبەت لەسەر سیستمی پەروەردە وە باس لەرۆڵی وانەی تایبەت دەکرێت لەبەدەستهێنانی نمرە دا.

**دەروازەی دووەم / لایەنی مەیدانی :**

لە چەند بەش و تەوەرەیەك پێکدێت کە بەشی چوارەم لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە چوارچیوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێو شوێنە مەییدانیەکان دەکات کە پێکدیت لە یەکەم میتۆدی توێژینەوە کە دووەم سنوری توێژینەوە و سێیەم کۆمەڵگەی توێژینەوە کە چوارەم نمونەی توێژینەوە کە وە پینجەم ئامرازەکانی توێژینەوە کە وە تەوەرەی دووەم باس لە خستنەرووی خشتە ئاماریەکان و شیکردنەوەی زانیایەکان دەکات وە لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە خستنەرووی چاوپیکەوتنەکان دەکات وە دواتر ئەنجام و دەرئەنجامەکان دەخرینە روو وە دواتر راسپاردە و پیشنیاەکان وە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان دەخریتەروو

**تەوەری یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

وانەی تایبەت راستیەکی حاشاهەڵنەگری ناپەسەندی دونیای ئەمڕۆمانەو لەسەرجەم وڵاتانی جیهانو چینەکانی کۆمەڵگە پەیڕەودەکرێت، کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وانەی تایبەت بەردەوامو بەهەموجۆرە شێوازەکانیەوە رووبەڕووی خوێندنگا دەبێتەوە و کاریگەری سلبی زۆر ئەکاتە سەر خوێندکار لەژیانیدا،

خستنەڕووی لایەنە خراپەکانی وانەی تایبەت و رۆڵی لەزیادبوونی کێشەی خوێندنگاکانیش دەرخستنی کێشەو گرفتی خوێندکارانە لەقۆناغە جیاوازەکانی خوێندن و شێوازو وتنەوەی وانە لەقوتابخانەکاندا.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

هەرکارێك یان توێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت بۆئەوەیە گرنگی بابەتێك بخرێتەڕوو, لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ناساندنی جێکەوتەکانی وانەی تایبەت دەدرێت هەروەها ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی ئەم بابەتەو روونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی و کاریگەری لەسەر خوێندکار لەڕووی پەروەردەی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە.گرنگی تیۆری توێژینەوەکە:زیادکردنی توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ کتێبخانەی کوردی, بۆ زیادکردنی زانیاری هەموو کەسێکی پەیوەندیدار بەبوونی وانەی تایبەت, مامەڵەی لەگەڵ خوێندکار بۆ زانینی کاریگەرییەکانی وانەی تایبەت لەسەر کەسایەتی خوێندکار. هەروەها لەڕوی پراکتیکیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەئەم بابەتە (بەبێ زانیاری توێژەر)توێژینەوەی کەمی لەسەر ئەنجامدراوە ،لە ڕێگەی ئەنجام دانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە وە کۆمەڵێ وەڵاممان دەسەکەوێ ،دەتوانین بەشێوەیەکی زانستی و ڕاست و دروست و پشت بەستن بە زانیاریەکان بۆشیکردنەوەی (جێکەوتەکانی وتنەوەی وانەی تایبەت لەخوێندنگاکاندا)کە تویزینە وە یە کی مە یدا نیە لە خویندنکە کانی شاری سلیمانی.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بوونی وانەی تایبەت لەخوێندنگە.

٢-خستنەڕووی کاریگەری مامۆستای تایبەت لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێربوون لە خوێندنگە کاندا.

٣-زانینی کێشەکان کە رووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە لە خوێندنگە کاندا.

**تەوەرەی دووەم:پێناسەی چەمك و زاراوەکان**

١-خوێندنگە: دەزگایەکی کۆمەڵایەتی فەرمیە کە هەڵدەستێت بەکارێکی پەروەردەیی و گواستنەوەی رۆشنبیری پێشکەوتوو بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی(ئیدریس،٢٠١٤: ٢٠٧). ئەو یەکە پەروەردەییەیە کە هەڵدەستێ بەئەرکی پەروەردەکردن هاوکات لەگەڵ خێزانداو هاوکاری دەکات لەهێنانەکایەی نەوەیەکی تازە باوەڕی بەکوولتوری کۆمەڵگەیەو پەیڕەوی لێدەکات(چنار،٢٠١٠: ١٩٥). ئەو مەڵبەندە زانست و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەیە کە بەپێی چەند بنەمایەکی مەعریفی و مێژوویی و کوولتوری نەتەوەکان لەگۆڕانی بەردەوامدایە لەڕووی بیناسازی و بەڕێوەبردن و پڕۆگرامەوە(عبدالعزیز،٢٠٠٥: ١٦٣). توێژەر پێیوایە بریتییە لەو پەروەردەیەی کە هەڵدەستێت بەئەرکی پەروەردەکردن و فێرکردن و ئامادەکردنی منداڵ لەنەوەی تازە بۆ فێربوونی ئەو بابەتەی کە سوودی پێدەبەخشێ لەژیاندا.

٢-وانەوتنەوە:

برتییە لەکۆمەڵێك کاروچالاکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، مامۆستا لەناو پۆلدا پێی هەڵدەستێ بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، کە ئەویش گۆڕانکاری کردنە لەمەعریفەو بیرکردنەوەو هەموو لایەنەکانی تری رەفتاری فێرخواز(د.کەریم،٢٠١٤: ٤٠). ئەو پڕۆسەیە کە مامۆستا زانیارییەکان دەگەیەنێت لەکاتی راڤەکردندا لەم پڕۆسەیەدا مامۆستا سەرچاوەی گەیاندنی زانیارییەو خوێندکار زانیاری لەڕێگای وانەوتنەوەوە وەردەگرێت. هەروەها گەیاندنی زانیارییە لەگەیەنەرەوە بۆ گوێگر و رەچاوکردنی هەموو رەهەندە سایکۆلۆجییەکانی تاك، هەر لەئارەزوو، ویست و هەڵچوونەکانیەوە تا دەگاتە توانا شاراوەکانی(جورج،٢٠١٧: ٢٠).

تویژەر پێیوایە بەکارهێنانی باشترینی هۆکاری سەردەمە بۆ گەیەنەر تا پەیامی بەرامبەری بگاتیو لێیەوە زانیاریو راڤەکان بگاتە دەستی بەرامبەر.

٣. وانەی تایبەت:

کۆمەڵە وانەیەکە کە مامۆستایەك ئەیدات بەقوتابیەك یان زیاتر لەبەرامبەر بڕە پارەیەك لەدەرەوەی بینای قوتابخانە، کە لێپرسراوی قوتابیەکە دەیدات(یاسین،٢٠١٤: ٣٤). بریتییە لەهەوڵدانی تاك بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان بەپەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ مامۆستا لەدەرەوەی هۆڵەکانی خوێندنی فەرمی بەڕەچاوکردنی بەرامبەرێکی مادی کە هەردوولایەنەکە لەسەری رێدەکەونو خوێندکاریش قبوڵی دەکات(www.mielentere.exsseura.fi). هەروەها بریتییە لەو وانەیەی کە مامۆستا یان کەسێکی شارەزا لەبوارێکی تایبەتدا, لەشوێنێکدا بەرامبەر بەهەندێك پارە پێشکەشی فێرخوازێك یان چەند فێرخوازێکی دەکات(www.qudwa.com).تویژەر پێیوایە بریتییە لەو وانەیەی کە لەلایەن بەشێکی زۆر لەمامۆستایانەوە بەشێوازێکی تایبەت دەوترێتەوە لەبەرامبەر بڕێك پارەدا، کە لەلایەن خوێندکارانەوە یان خێزانەکانیان بەمەبەستی بە دە ست هێنانی نمرەیەکی باش دەدرێت.

**بەشی دووەم / تەوەرەی یەکەم:مێژووی خوێندنگە و گرنگی پەروەردە**

ژینگەی قوتابخانە هەر لەبەڕێوەبەرەوە تا فەرمانبەرێکی ئاسایی کەم تا زۆر کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی یان لەسەر ئاست بەرزیو نزمی وسەرکەوتنو سەرنەکەوتنی قوتابیان هەیە، بەشێکی مەزنی ئەم بەرپرسیارێتییەش دەکەوێتە ئەستۆی قوتابخانە، بۆیە ئەگەر قوتابخانە وەکو ناوەندێکی تێگەیاندنو پێگەیاندن توانی لەئاست خواستو داواکانی قوتابیاندا بێتو بەڕاستی ئاستی تێگەیاندنو پێگەیاندنی قوتابیانی گرتەئەستۆی خۆی،بێگومان پاڵپشتی گەورەو بەهێز دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی خوێندنو سەرکەوتنی قوتابیانو پەروەردەو فێرکردنی نەوەیەکی زاناو داناو وشیار وبلیمەت، بەڵام ئەگەر لەئاستی پێویستدا نەبوو ئەوا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرنەکەوتنی قوتابیو پەکخستنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن(سەردار،٢٠١٧: ٨٨).قوتابخانە بریتییە لەدامەزراوەیەکی فێرکاری کە تیایدا قوتابیان فێری چەندەها زانستی جۆراوجۆر دەکرێن، هەروەها پرۆسەی خوێندنیش لەچەند قۆناغێك پێکدێت کە ئەوانیش بریتین لەقۆناغەکانی (سەرەتایی، ناوەندی،دواناوەندی،ئامادەیی)، ئەمانەش ناوزەند دەکرێن بەخوێندنی بنەڕەتی زۆرەملێ لەزۆربەی وڵاتەکاندا، هەروەها قوتابخانەکانیش دەکرێن بەدووبەشەوە وەك بەشی حکومیو تایبەتی. زۆربەی قوتابخانەکانی جیهانیش پەیوەستن بەپۆشینی یەکتاپۆشی، بۆ قەدەغەکردنی جیاوازی چینایەتیو پاراستنی شکۆی قوتابی و رێکخستنو جوانکردنو رێکوپێککردنیان، هەروەها جیاکردنەوەیان لەقوتابیانی قوتابخانەکانی تر(ئازاد،٢٠٠٤: ١٢٣). پێکهاتەی قوتابخانەکان بەگوێرەی شارەکان, یان زۆرەملێیە یان ئارەزوومەندانەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵاتی پێشووتر لەزۆربەی وڵاتە گەورەکان, هەرچەندە ئەمەش ناگەیەنێت کە رۆیشتن بۆ قوتابخانەکان بەزۆرەملێ بێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەیە،ئەرکی باوانە کە وا منداڵەکانیان فێر بکەن تا ئەوکاتەی دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن ئەمەش لەنێوان تەمەنی (٦) بۆ (٧) ساڵی دەست پێدەکات، لەتەمەنی شەش ساڵی وەکو وڵاتە عەرەبیەکانو فەڕەنساو کەنەدا, تەمەنی حەوت ساڵی لەوڵاتانی فینلەندا.قۆناغی سەرەتایی لەتەمەنی (٦) ساڵی دەست پێدەکات بەشێوەیەکی گشتیو لەم ماوەیەشدا قوتابی بنەمایەکی گرنگی خوێندنو نووسینو ژماردنی دەست دەکەوێتو فێردەبێت, قوتابخانەکان درێژدەبنەوە لەکۆتایی قۆناغی سەرەتایی بۆ سەرەتای قۆناغی زانکۆ, زۆربەی کات کۆتایی دێت بەبڕوانامەی بەکالۆریۆس.

١-گرنگیی پەروەردە

پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ مرۆڤ, چونکە هەر لەمنداڵیەوە بەرێوەئەچێت لەسەر رێگاکانی ژیان،هەروەك چۆن تواناداری ئەکات بۆ پارێزگاریکردن لەمانەوەی خۆیو پاراستنی ئامانجەکانی ژیانی،کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت هەر لەشیرەخۆریەوە یارمەتی دەدرێت بۆئەوەی لەلایەنی جەستەییەوە گەشە بکاتو بتوانێت خۆی لەگەڵ ژیاندا بگونجێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەکەسێکە ئاراستەی بۆ دیاری بکاتو پارێزگاری لێ بکاتو دەستی بگرێتو رێگاکانی ژیانی پێ بناسێنێت، ئا لێرەوە گرنگی گونجان لەگەڵ ژیانی دەوروبەرو ژیانی سروشتیو کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەگەشەکردنێکی بەردەوامدایە بەڵام گەشەکردنێکی هێواش، گەر بەراورد بکرێت بەگەشەی بوونەوەرە زیندووەکانی دەوروبەری. لەبەرئەوە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو شێوەو خوپێگرتنی کۆمەڵایەتی پێویستی بەکاتێکی دورودرێژە هەتاکو ئامرازە شارستانیەکانیش بەرەو پێشەوەبچنو مرۆڤەکانی زیاتری پێویستە بۆ راهێنانکردن لەسەریانو خۆگونجاندن لەگەڵیان هەوڵبدەن، پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ رووبەڕووبونەوەی ژیانو پێویستیەکانیو رێکخستنی رەفتارە گشتییەکان لەکۆمەڵگە لەپێناو دروستکردنی ژیانێکی گونجاو لەناو کۆمەڵگەداو بەگرنگ بوونیەتی بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگە(ابراهم ،٢٠١٦: ١٧٦).

دەبێت ئێمە پابەندی ئەوەبین کە پەروەردە بەبنەڕەتێکی زانستیو کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی دادەنرێت بۆ هەموو تاکێك لەهەموو سەردەمێکدا, ئەمە لەلایەن فەیلەسوفانو چاکسازانو پەروەردە ناسان بەتێپەڕبوونی کات سەلمێنراوە.لەقورئانی پیرۆزیشدا دەبینرێت کە مرۆڤەکان لەسەر ئەم راستیە دەدوێن و بیریان دێنێتەوە بە بەخشینی زانستو فێربوونو رێنمایکردن: قال تعالی: [وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ], سورە النحل (٧٨), واتە خودا کاتێك ئێوەی لەسکی دایکتان دەرهێنا ئێوە هیچتان نەدەزانی و چاوو گوێو دڵی پێدان, تاوەکو شوکرانە بژێربن (یاسین،٢٠١٤: ٣٨).منداڵ لەسەر فیترەتی ئەستۆپاکی لەدایك دەبێت, هەرچیت بوێت لەزەینیدا تۆماری دەکەین، پەروەردەی منداڵیش هەرلەسەرەتای تەمەنیەوە دەست پێدەکات، بەڵام قۆناغەکانی جیاوازنو هەرقۆناغەو شێوازو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە, هەرلەسەرەتای گرۆگاڵی دەست پێدەکات, لەشتە پاكو پیسەکانو پێگەیاندنیانو ناسینی شتە تازەو نوێیەکانی دەوروبەری.لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی سزادانی دوور لەتوندوتیژی لەسەر ئاکاری خراپ, هەر پرۆسەیەکی پەروەردە (پاداشتو سزای) بەشێوەیەکی گونجاو رێکنەخست ئەوا پرۆسەیەکی لاوازەو ئەنجامەکەشی لادانی منداڵەکەیە لەتەمەنی تازەلاوی (هەرزەکاری)دا, بۆیە پێویستە سزادانی کورو کچ دووربێت لەتوندوتیژی, چونکە ئامانج لەسزادان دووبارەنەبوونەوەی کارێکی خراپە نەوەك ئازاردانو بریندارکردنی جەستەیو دەروونیو شکاندنەوەی لەبەردەم کەسانی تردا, هەروەك هەندێك لەپەروەردەکاران توندترین سزای منداڵەکانیان دەدەن, یان هەر سزایان نادەن بەتایبەت لەگەڵ کورو کچی تاقانەدا هەرگیز وشەی (نەخێر) نابێتو دواجار وادەزانن ئەو هەڵانەی کردویەتی راستن(یاسین،٢٠١٣: ٢٩).لێرەدا لەبەر گرنگی پەروەردە دەمانەوێت چەند راوبۆچوونێکی بیرمەندە ناودارەکانی جیهان وەربگرین.

فرۆبل (١٧٨٢-١٨٥٢) بەگۆشەنیگایەکی تر پەروەردە دەناسێنێتو دەڵێت: پەروەردە کارێکە بەهۆیەوە کانی توانا شاراوەکانی بواری فێربوونی مرۆڤی پێدەتەقێت, هەروەك چۆن خونچە چرۆی گوڵو رووەکەکان دەتەقێتو دەپشکوێت( ابراهم،٢٠١٤: ٨٩).جۆن دێوی دەڵێت: پەروەردە بریتییە لەکۆمەڵێك کردار کە کۆمەڵگە یاخود کروپێکی

کۆمەڵایەتی بچوك یان گەورە دەتوانێت دەسەڵاتەکانیو ئامانجە بەدەستهێنراوەکانی بگوازێتەوە لەپێناو زامنکردنی بوونی تایبەتیانو گەشەپێدانی بەردەوام هەروەها دەڵێت پەروەردە ژیانە(www.hewalnews.com ) .

٢-ئەرکی پەروەردە

ئەمڕۆ پەروەردەو فێرکردنو قەڵەم دانە دەست منداڵ هەموو جیهانی وەکو یەك تەنیوەو هەرچی مرۆڤەو وێڕای زمانو ئایینو نەتەوە، پێکەوە لەکاروانی بەرەوپێشبردنی ژیانو لەئاکامدا ژیاریو مرۆڤایەتیدان. پەوەردە چەندین مرۆڤی ئامادە کردووە لەکارکردن لەبوارە جیاجیاکانی جیهاندا، وەك پێگەیاندنی پسپۆڕو کارمەندانو خستنەگەڕی کەسانی بەتوانا بۆ کارکردنو خزمەتکردنیان لەکۆمەڵگادا، چ لەبوارەکانی جێبەجێکردنی فیکری یان توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا بێت، ئەرکی پەروەردە گەیاندنو دەستو بازوو بەهێزکردنی مرۆڤە، هەرلەمنداڵیەوە قۆناغ بەقۆناغ راهێنانی پێدەکاتو دەیگەیەنێتە سەر ڕێڕەوێك کە خۆی تێدا سەرپشك بێت لەهەڵبژاردنی هەر ئامانجو بەشێك کە لەگەڵ بوارەکانی ژیانیدا بگونجێتو هاوکات بەڕاستەقینەترین شێوە خزمەت بەکۆمەڵگە بکات(د.کریم،٢٠٠٨: ٣٤).منداڵان کە لەدایك دەبن هەڵگری کۆمەڵێك توانان وەك ئەنجامدانی رەفتاری ئەندامی بایۆلۆجیو بۆماوەیی، کە خۆی لەتوانای شیرخواردنو فرێدانی پاشەڕۆکاندا دەبینێتەوە لەگەڵ ئامادەیی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، بەڵام ئەم ئامادەییە پێویستی بەکەسێکە بۆ ئاراستە پێکردنو رێنمایکردنی لەپێناو زانینی پێویستە، لێرەوە کرنکی ئەرکی پەروەردە دەست پێدەکات(د.ابراهم،٢٠١٣: ١٥٤).

١-گواستنەوەی شێوازە رەفتارییەکان بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە.

٢-گواستنەوەی کەلەپووری کوولتوری لەنەوەکانی پێشووەوە بۆ نەوەکانی تر.

٣-گۆڕانکاریکردن لەکەلەپوری کوولتوریدا، گۆڕینی پێکهاتەکان سەرەڕای لابردنی شتە بێسوودەکانو زیادکردنی ئەو شتانەی سودمەندن بۆی.

٤-ئەزموونی کۆمەڵایەتی بەتاکەکەس ئەمەش بریتییە لەهاوبیروباوەڕو سیستەمو دابونەریتو رەفتاری ئەو کۆمەڵگەی کە تاکەکان تێیدا دەژین.

٥-رۆشنگەری تاك بەزانیارییە هاوچەرخەکان کە بوونەتە شەپۆلو شۆڕشێك بەرووی ژیانی ئەزمونی کۆمەڵگەکاندا.

هە روە ها ئەرکی پەروەردە ئەوەیە تاکێك دروست بکات ئینتمای بۆ پەروەردە هەبێتو رێزی هاووڵاتیانو مرۆڤایەتی بگرێت،بڕوای بەیەکسانیو دادوەریو ئازادیو مافی مرۆڤ هەبێت, لەلایەنی هەڵچوونیو کۆمەڵایەتیو ئاکاریو جەستەییو عەقڵیەوە گەشەی کردبێتو شارەزای کۆمەڵو مێژوو جوگرافیای وڵاتەکەی بێتو زمانی دایكو وڵاتانی پێشکەوتوو بزانێت....هتد(د.ابراهم،٢٠١٣: ١٦٤).گواستنەوەی کولتورو داونەریتو زانیارییەکانی ژیان جۆرەکانی ژیانی مێژوویی نەتەوەو باوباپیرانیو باوانێتی بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە دەبێتە نیشانەی رەسەنیو مێژووی ئەو گەلو وڵاتە کە نەوەکانی نەوە لەدوای نەوە شانازی پێوە بکەن، کەواتە ئەرکی پەروەردە لێرەدا ئەوەیە تاکێکی وشیارو تاکێکی پڕ زانیاریو ئەزموون دروست بکات، هەم زانیاری لەسەر دابونەریتە باوەکانی سەردەمی خۆیو دابونەریتەکانی رابردوو هەبێتو ئاشنایان بێت(د.ابراهم،٢٠١٣: ١٦٤)

**تەوەرەی دووەم: کێشەکانی خوێندکار :**

١- خراپی ژینگەی خوێندن, بێگومان یەکێك لەو کێشانەی رووبەرووی خوێندکاران بووەتەوە خراپی ژینگەی خوێندنە, ژینگەی خوێندن لەهەرێمی کوردستان ژینگەیەکی نالەبارەو گونجاو نییە بۆ خوێندن لەگەڵ سیستمی تازەی

خوێندن، ژمارەیەکی بەرچاوی بینای قوتابخانەکان کۆنن‌و داڕزاون بەکەڵکی خوێندن نایەن،تەنانەت هەندێکیان مەترسی داڕووخانیان لەسەرە هەروەك لەساڵانی رابردوو ئەمانەمان بینی ئەو خوێندکارو مامۆستایانەی کە کەوتنە ژێر داروپەردووی ئەم بینا رزیوانەوە تا خوێندکارێکیش گیانی لەدەستدا، کە ئەمەش نە شیاوە بۆ حکومەتی هەرێم تائێستاش منداڵەکانمان لەمجۆرە قوتابخانانە بخوێنن. لەم ژینگەیەدا خوێندن وەك پێویست تەندروست نییە(www.mielentere.exsseura.).

٢- زۆربی ژمارەی خوێندکار لەپۆلێکدا, بەپێی سیستمی تازەی خوێندن دەبێت هەرپۆلێك (١٥-٤٠) خوێندکاری تێدا بێت، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردوە بەهۆی ژمارەی زۆری خوێندکارەوەو کەمی پۆلەکانەوە ئەم ستاندارده جێبەجێ نەکراوە، پۆل هەیە (٥٠ تا ٦٠) خوێندکاری تێدایە، بێگومان ئەم ژمارە زۆرەی خوێندکار دەبێتە مایەی ئەوەی کێشەو گرفتێکی زۆر هەم بۆ خوێندکاران هەم بۆ مامۆستا دروست بێت‌و مامۆستا ناتوانێت وەکو پێویست زاڵبێت لەسەر وانەکەو چاودێری خوێندکارەکان بکات لەفێربوون‌و تێگەیشتنیان لەوانەکە.

٣- ئازاردان لەقوتابخانە: گرفتێکی تر کە بەرۆکی قوتابیانی گرتووە ئازاردانە لەقوتابخانەکان،ازاردان لەقوتابخانەکان دەکرێت بەچەند شێوەیەك بێت، دەکرێت بریتی بێت لەتوندوتیژی جەستەیی وەك شەق پیاکێشان،لێدان، یان قژ راکێشان، یان ناوناتۆرە بێت یان دورخستنەوەی کەسەکە بێت لەهاوڕێکانی یان بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسەکە بێت لەئەنتەرنێت بەبێ مۆڵەتی خۆی، بەتایبەتی باس لەئازاردانی کچان دەکرێت(محمد،٢٠١٣: ١٧٠).

٤- نەبوونی هۆکارەکانی فێربوون: یەکێك لەرێگا سەرکەوتوەکان بۆ فێربوون‌و زیاتر پێگەیاندنی خوێندکارو خۆشەویستکردنی وانەکە لای بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێربوونە،وەك داتا شۆوو نەخشەو وێنەو پێنوسی رەنگاوڕەنگ، بەداخەوە ئەوەی بەکارنایەت ئەم هۆکارانەیە.

٥- قۆپیکردن : ئەم گرفتە ساڵانێکی زۆرە بەرۆکی خوێندکارانی گرتووە، قۆپیکردن خوێندکار بەکاریدەهێنێت لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بێئاگا لەوەی کە ئەم رەفتارە جگە لەگیروگرفت هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت،هۆکارەکەشی زیاتر بۆ تەمبەڵی‌و ناوشیاری خوێندکارەکە دەگەڕێتەوە، یاخود هەبوونی ترس لەتاقیکردنەوەکە، یاخود وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك بەکاریدەهێنێت دژی مامۆستاکەی،هەموو ئەمانەش گیروگرفتن بەرۆکی خوێندکارانی گرتووەو پێویستیان بەوشیارکردنەوەو چارەسەرکردنیان هەیە.

٦-نە هاتن بۆخوێندنگە: ئەم گرفتە زۆرباوە لەناو خوێندکاران بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هۆکاریشی زۆرە، لەوانە،بڕوانەبوونی قوتابی بەخۆی،نەگونجانی کەرەستەکانی قوتابخانە لەگەڵ توانا عەقڵیەکانی قوتابی،بەکارهێنانی سزای قوتابخانەکە, هەبوونی کارگێڕیەکی دیکتاتۆرو رەفتارکردنی کارگێڕی لەگەڵ قوتابی بەشێوەیەکی دڵڕەقانە، لاوازی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە، خراپی رەفتاری مامۆستا لەگەڵ قوتابی, هەژاری‌و نەداری‌و نزمی ئاستی ئابووری خێزان، هاوڕێتیکردنی قوتابی لەگەڵ هاوڕێی خراپ، بێگومان کێشەی تر زۆرە کە وابکات خوێندکار پابەندی دەوام نەبێت‌و غیاب بێت لەقوتابخانە، هەربۆیە زۆر پێویستە لەسەر حکومەت‌و وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێك لەم کێشەو گیروگرفتانەی خوێندکاران بداتەوەو چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە(ساکار،٢٠١٣: ٨٨).

٧-نەبوونی کتێبخانە, گرفتێکی تر کە رووبەڕووی خوێندکاران بووەتەوە نەبوونی کتێبخانەیە لەخوێندنگاکان، لەکاتێکدا کتێب سەرچاوەی زانست‌و زانیارییە،بەڵام بەداخەوە قوتابخانەکانی ئێمە بێ کتێبخانەن،خۆ ئەگەر هەر بەناو ژوورێکیشیان بۆ تەرخان کردبێت بەناوی کتێبخانەوە ئەوا چۆڵ‌و هۆڵ‌و کتێبی تیا نییە،هەرچەند لەسیستمی تازەدا هاتووە کە دەبێت لەقوتابخانەکاندا کتێبخانە هەبن.

٨-دەرکردنی خوێندکار: هەرچەندە دروشمی خوێندن بۆ هەمووان بەرزکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوێندکارێك دووساڵ لەپۆلێك دەرنەچێت ئەوە مافی ئەوەی نامێنێت لەقوتابخانەی ڕۆژ بەردەوام بێت، دەبێت بچێتە دەوامی ئێواران،ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکاران بووەتەوەو پێویستە ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکرێت بۆئەوەی خوێندکار لەخوێندنگا دانەبڕێت.

٩-بەهەدەردانی کات: گرفتێکە هەر لەدێرزەمانەوە بەرۆکی خوێندکارانی گرتووە،بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆمان گرفتەکە زیاتر قوڵ بووەتەوە، سەرجەم ژیارە مرۆییەکان گرنگیو بایەخی کاتیان ڕوونکردووەتەوە، هەموو فەیلەسوفو زاناکان باسیان لەمەترسی بەفیڕۆدانیو زیادەڕۆیی لەکات کردووەتەوە(محمد،٢٠١٣: ٢٠٣).

١٠-وانەی تایبەت: ئەمەش بەیەکێك لەو گرفتانە دەژمێردرێت کەوا بەرۆکی خوێندکارانی گرتووە، چونکە مەسەلەی وانەی تایبەت کەلەلایەن هەندێك مامۆستای مووچە خۆری پەروەردەوە دەکرێتە بازرگانیو تەنها لەڕووی مادیەوە سوودو قازانج بەخۆیان بگەیەنن، کە تیایدا بۆ هەر وانەیەك (١-٣) ملیۆن دینار وەردەگرنو گوایە بەپێی نمرەی پێش پارە وەردەگیرێت، ئەمەش بەڕاستی گرفتێکی گەورەیەو حاڵەتێکی دەروونیو خراپی لای خوێندکارە هەژارەکان دروست کردووە.

**تەوەرەی سێەم/ یە کە م/ سیفەتو تایبەتمەندییەکانی مامۆستا**

مامۆستا ئەو کارەکتەرە چالاکەیە کە کار بۆ بنیادنانی کۆمەڵگە دەکات لەڕووی زانستیو پەروەردەکارییەوە لەڕێگەی پێگەیاندنی تاکی زانستخوازو پەروەردەکراوەوە، واتا ئەتوانین بڵێین شوناسی مامۆستا فێرکردنی زانستو پەروەردەکردنی قوتابیەو پێشکەشکردنێتی بەکۆمەڵگە لەپێناو بنیادنانی کۆمەڵگەی دروست.

یەکێك لەو سیفەتو تایبەتمەندیانەی مامۆستا ئەوەیە، دەبێت مامۆستا وەکو پیشە تەماشای مامۆستایەتی نەکات، بەڵکو وەکو پەروەردەناسێكو پەروەردەکارێکی تاکەکانی کۆمەڵگە تەماشای ئەرکی مامۆستایی بکات،چونکە مامۆستا بنەماو بنچینەو بناغەی دیموکراتی کردن فێربوونو پیشاندانی هەموو ئەو کارو رەوشتە جوانانەیە، کە هەر کۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەکانی پێ دەناسرێتەوە،چونکە مامۆستا پێش ئەوەی زانستو زانین بێت، بریتییە لەڕەوشتو ئاکارو ئەخلاق، کەواتە دەتوانین بڵێین خۆی لەسێ جۆرە کەسایەتیدا دەبینێتەوە واتە دەبێت مامۆستا سێ ڕۆڵی سەرەکی بێت.

١- ڕۆڵی پەروەردەیی: کە خۆی لەڕێنمایکردنی قوتابیو خوێندکاردا دەبینێتەوە، لەسەر بەها باڵاکانی رەوشت بەرزیو کەسایەتی.

٢- ڕۆڵی زانستی: ئەویش بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو ڕۆشنبیری قوتابیانە لەو بوارەی کە پسپۆڕی مامۆستاکەیەو پێویستە قوتابیەکە فێربکات.

٣- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: لەوبوارەدا پێویستە کەسێکی بەسۆزو دڵسۆز بۆ قوتابیانو ئەگەر ژنە وەك دایكو خوشكو ئەگەریش پیاوە وەك باوكو برابێت بۆیان، کەواتە مامۆستا کەسایەتیەکی گەورەو گرنگە ئەگەر بتوانێت لەئاستو گەورەیی پیشەکەیدا بێت،بێگومان زۆریشن ئەو مامۆستایانەی کە توانیویانە ئەو ڕۆڵانە ببینن.یەکێکی تر لەسیفەتو تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە دەبێت زۆرلەسەرخۆو هێمن بێتو ئارامبگرێت، دووربێت لەهەڵەشەییو توندوتیژیو مڕومۆچیو قسەی ڕەقو جنێو فرۆشتنو مامەڵەی نەشیاو و زمان زبری، دەبێت لەگەڵ خوێندکارەکانیدا وەکو هاوڕێیەك هەڵسوکەوت بکاتو ناخی پڕبێت لەخۆشەویستی بۆ خوێندکارەکانی, سۆزی خۆی پێشکەش بەخوێندکارەکانی بکات، مامۆستا دەبێت بەو سۆزو خۆشەویستیەی کە دەریدەبڕێت،وابکات سەرنجی

خوێندكارەكانی بەلای خۆیدا رابكێشێتو وایان لێ بكات مامۆستا بەڕێنیشاندەری كۆمەڵگە بزانن‌و مامۆستا بەپێشەنگو پێشەوای كۆمەڵگە بزانن، دەبێت مامۆستا بەشێوەیەك خۆی تێكەڵاوبكاتەوەو خۆی لەخوێندكارەكانی نزیك بكاتەوەو هەركێشەو داواكارییەكیان هەبوو بتوانن لای مامۆستاكەیان دەری ببڕن(جەبار ،٢٠١٣: ١٧٣).

كەواتە دەبێت خاوەنی كەسایەتیەكی زۆر مەزن‌و پڕ جوانی بێت، دووربێت لەهەموو هەڵسوكەوتێكی نەشیاوو نەگونجاو، هەربۆیە مامۆستا پێشەنگی تاكەكانی ناو كۆمەڵگەیە، ئامانجی فێركردن‌و فێربوون لەسەر دەستی مامۆستا بەدی دێت،هەر مامۆستایە هەموو داتاو زانیارییەكان بەقوتابی‌و فێرخوازو خوێندكار دەگەیەنێت، بۆیە چەند مامۆستا لێهاتووبێت ئەوەندە دەزگای پەروەردەو فێركردن بەرەوپێشەوە دەچێتو لەبەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكاندا سەردەكەوێت.مامۆستا دەبێت خەریكی فێركردن‌و فێربوون بێتو هاوكات توێژینەوە لەبواری تیۆریەكاندا بكات بۆئەوەی فێركردنەكەی مەبەست بپێكێتو كاریگەر بێت، پلان بۆ هەوڵەكانی دواتری دابڕێژێت، شێوازە فێركارییەكان، مەبەستە شایستەكان هەموو لەلایەن مامۆستاوە ئاڕاستە دەكرێت كە لەهەرجۆرە گۆڕانێك‌و چاكسازییە فێركاری‌و پەروەردەییەكان مامۆستا جێگەو نەخشی گرنگو بەرچاوی هەیە.پێویستە مامۆستا تویزینە وە بكات، چونكە مامۆستایە كەڵكی لی وەردەگرێت، بۆیە باشتروایە مامۆستا خۆی توێژینەوە بكات و هەر مامۆستایەك دەبێت توێژەری فێركاریش بێت، ئەگەریش وانەبێت پەروەردە لەئەوپەڕی مەندی‌و راوەستان‌و جوڵانەوەدا دەبێتو لەسەردەمی بەجیهانیبوون لەكاروانی گۆڕان‌و نوێخوازی بەجێدەمێنێت(علی،٢٠١٠: ١٦٩).

**دووە م/ئەركە كانی مامۆستا:**

ئەگەر باسی ئەركی مامۆستا بكەین دەبێت سەرەتا لەئاكارە باڵاكان‌و رەوشتە مەزنەكانەوە دەست پێبكەین, چونكە مامۆستا ئەركێكی زۆر مەزن‌و زۆر پیرۆزی هەڵگرتووە هەربۆیە دەبێت بەتێڕوانینێكی زۆر جیاوازەوە لەڕۆڵی مامۆستا بڕوانین, مامۆستا ئەركی ئاینی، مرۆڤایەتی، كۆمەڵایەتی،رۆشنبیری، مێژوویی، جێبەجێ دەكاتو مامەڵەیان لەگەڵ دەكات. وەدەتوانین ئەركی مامۆستا لەدوولایەنەوە باس بكەین،لەلایەكەوە مامۆستا ئەركی گەیاندنی پەیامی زانستو زانستخوازییە، لەلایەكی تریشەوە ئەركی پەروەردەكردنی قوتابیە لەڕووی ئەخلاقی‌و كۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریەوە(ساكار،٢٠١٣: ٣٩).

هەر گرنگیدانێك بەزانست چ فێركردن بێت یاخود فێربوون, حەتمەن گرنگی‌و پیرۆزی خۆی هەیە، مەبەست لەپیرۆزی ئەوەیە ئایین ئەوجۆرە هەوڵەی بەرزنرخاندووە بەوپێیەی مامۆستاش رۆڵێكی دیاری هەیە، لەم نێوەندەدا دەقە ئاینیەكان ستایشێكی زۆری مامۆستایان كردووە،لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك بەرپرسیارێتی بەسەردا داوە بەشێوەیەكی ئاسایی مامۆستابوون واتە بەخشینی مەعریفەو پەیامدان بەگوێی خەڵكیدا،بۆیە كاتێك كەسێك دەیەوێت ئەم پیشەیە ئەنجام بدات دەبێت پێشتر ئامادەسازی كردبێت بۆ هەڵگری ئەم پەیامە لەهەردوو لایەنی تیۆری‌و پراكتیكیەوە،وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا دەقە ئاینیەكان لەوە زۆرترن لێرە ئاماژەیان بۆ بكەین، كە باس لەتایبەتمەندییەكانی كەسێتی مامۆستاو ئەركەكانی دەكەن, بۆیە مامۆستا تەنها ئەنجامدانی پیشەیەك نییەو بەس، بەڵكو دانانی بناغەی كۆمەڵگە لەوێوە دەست پێدەكاتو نەوەی نوێ لەوێوە ژیان دەناسێ‌و ئاشنا دەبێت بەوەردەكاریەكانی.

ئەركێكی مامۆستا ئەوەیە دەبێت دڵسۆز بێت, لەڕاستیدا دڵسۆزی مامۆستا وەك دڵسۆزی دایك‌و باوك بێت، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموو مامۆستایەك بەمشێوەیە توانای جێبەجێكردنی ئەم ئەركەی هەیە, چونكە لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت.ئەركێكی تری مامۆستا دروستكردنی پەیوەندی هاوڕێیەتیە لەنێوان خۆی‌و خوێندكارەكاندا،

پێویستە بۆ دروستبوونی ئەم پەیوەندییە هاورێیانە دەستپێشخەریەکە لەلایەن پەروەردەکار واتە مامۆستاوە بێت.ئەرکێکی تری مامۆستا ئەوەیە زیاتر گرنگی بدات بەپسپۆڕی خۆیو وەرگرتنی زانیاری لەرێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە، واتا دەبێت مامۆستا شارەزاییو ئەزموونێکی زۆر لەبواری پسپۆرییەکەی خۆیدا بۆخۆی دروست بکات, دەبێت مامۆستا بەردەوام بەدوای باشترین شێوازی وانەوتنەوەدا بگەرێت، تاوەکو بتوانێت بەکەمترین ماوە زۆرترین تێگەیاندن بەخوێندکارەکانی بگەیەنێت.واتا پلانی رۆژانەو پلانی ساڵانەی بابەتی وانەکەی هەبێت. هەموو مامۆستایەك دەبێت رۆژانە پلانی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەم پلانە وادەکات مامۆستا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بابەتەکە بۆ خوێندکارەکانی باس نەکات، بەڵکو بەپلانێکی گونجاو بابەتەکە بۆ خوێندکارەکانی شیبکاتەوە، بەهەمانشێوەش پلانی ساڵانە ئەو سوودانەی دەبێت کە باسمان لێوەکردن(علی،٢٠١٠: ١٥٢) .

ئەرکێکی تری مامۆستا شارەزاکردنو خۆپرچەککردنە لەڕووی سایکۆلۆژی خوێندکارانەوە، واتە دەبێت مامۆستا شارەزاییەکی باشی لەزانستی سایکۆلۆژی دەرونناسیو کۆمەڵناسیدا هەبێت, چونکە ئەگەر مامۆستایان شارەزایی سایکۆلۆژیای منداڵانو هەرزەکاران نەبن, ئەگەر لەڕۆڵی پاداشتو سزا نەگەن مەحاڵە بتوانن مامەڵەی دروستو شیاو بکەنو خۆیان لەڕۆحی خوێندکاران نزیك بکەنەوە.ئەرکێکی تری مامۆستا ئەوەیە, دەبێت مامۆستا گرنگی بەپەیوەندی نێوان خانەوادەی قوتابیانو مامۆستایان بدات،چونکە فەرامۆشکردنی ئەم پەیوەندییە کەلێنێکی گەورە دروست دەکات کە زۆرجار بەزیانی خوێندکاران تەواو دەبێتو لەڕووی رقاویو ئاستی خوێندنەوە ئاسەواری خراپ جێدەهێڵێت(www.derunnasy.com) . ئەرکێکی تری مامۆستا ئەوەیە قوتابی فێری ئەوە بکات چۆن بخوێنێت تاوەکو سەرکەوتوو بێت، دەبێت مامۆستا ئەوە بۆ قوتابیەکانی روونبکاتەوە. ئامادەبوون بۆ خوێندن لەڕووی دەروونیو رێکخستنو کاتو شێوەو مادەوە, خشتەیەکی گونجاو بۆ خوێندن دابنێتو هەردەم پلان بۆ کات دابنێتو پێداچوونەوە بەپلانەکانیدا بکات تا چەند پابەندبووبێت پێیانەوە ماوەی رۆژانەی دابەش بکات بەسەر دانیشتن بۆ خوێندنو پشوو وەرگرتن(عبدالرحمن،٢٠٠٨: ٧٦) .

**بەشی سێیەم/تەوەری یەکەم: ووتنەوەی وانەی تایبەت**

ئەگەر باس لەڕەگو ریشەی مێژینەی ئەم دیاردەیە بکەین ئەوا دەبێت بگەرێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی شارستانیەتەکان، چونکە لەکۆندا پەروەردە بەمشێوازە فراوانەی لەئێستادا پەیرەو دەکرێت فێرکردنی گشتیو ئەو ژمارە زۆرەی دامودەزگای خوێندنو پەروەردەکردنە لەئارادا نەبووە, فێرکردنو خوێندەواری تەنیا چانسی شازادەو میرو دەسەڵاتدارانو سەرکردەکانو پیاوانی ئاینیو خاوەن سەرمایە مەزنەکان بووە، شێوازی خوێندنیش بەمامۆستاو وانەی تایبەت پەیرەو دەکرا(گە،٢٠١٣:٩٤).

ئەم دیاردەیە لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١وە زۆرتر بووەو زیادیکردووە، بەڵام وەکو بوون، پێش دروستبوونی خوێندنگاش بوونی هەبووە، ئەو کاتانەی کە حوجرە هەبووە، ئەوکاتانەی خوێندەوار نەبووەو باوی بووە، تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش منداڵی ئاغاو خواپێداوو دەرەبەگو دەوڵەمەند، میرزا لەماڵەوە بە وانەی تایبەت فێری خوێندەواری کردوون،تاوەکو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا وردە قوتابخانە کرایەوە، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەمو هاتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ ناوچەکە بەکۆمەڵ خوێندن گەشەی کردووە، خوێندنو فێربوون لەتاکەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵ، ئەگەرچی بەهۆی کێشە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانەوە تاکەکانی کۆمەڵ روویان لەخوێندەواریو قوتابخانە کردووە، وەکو بانگەوازیان بۆ خەڵك کردووە، بۆئەوەی منداڵەکانیان ببەنە بەر خوێندن. ئەحمەد موختار جافی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت (بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان هەموو ئانو

زەمانێ عەینی قەڵغانو سوپەرتانە) واتە خوێندن وەکو چەکی بەرگری وایە.لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەموزەوە دەرفەتێك هاتە پێشەوە بۆئەوەی خەڵکی زیاتر روو لەخوێندن بکەن، چونکە ئەو کەسانەی دەیانخوێند لەو قۆناغەدا واتە خوێندنی بەکۆمەڵ، ئەو کەسانە زیاتر خە لَکی شارو رۆشنبیر بوون، بەڵام لەدوای (١٤)ی تەموزەوە گۆڕانکاری هاتە پێشەوەو خەڵکی زیاتر هاندرا کە روو لەخوێندنگەکان بکەن(محمد،٢٠١٣: ٨١). وتنە وە ی وانە ی تایبە ت لە م تە وە رانی خوارە وە بیَك دیَن

١- وانەی تایبەت

وانەی تایبەت یەکێکە لەو دیاردانەی کە بەم ساڵانەی دوایی رووی لەزیادبوون کردووەو رۆژ بەڕۆژیش لەپەرەسەندندایەو هۆکارو سەرهەڵدانەکەشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە.

یەکەمیان: باشبوونی بارودۆخی ئابووری زۆرێك لەخانەوادەکان.

دووەم: کۆشش نەکردنو گرنگی پێنەدانی خوێندکاران بەبابەتی وانەکانی ناوپۆلو خوێندنگاکان, کە ئەمەش دەبێتە سەرهەڵدانی وانەی تایبەتیو گرنگی پێدانی لای خوێندکاران.وانەوتنەوە،هونەرێکە بۆ گەیاندنی زانیاریو ئەزموونەکان بەباشترین شێوە، هەروەها وانەوتنەوە کردەی کارلێکە لەنێوان مامۆستاو فێرخوازو رەگەزەکانی دیکە کە مامۆستا ئامادەی دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو کارامەییو پسپۆڕیو ئاراستەکانی لەماوەیەکی دیاریکراودا.

٢- ستراتیژیەکانی وانەوتنەوەش:

کۆمەڵە بڕیارێکە مامۆستا دەیدات لەبارەی ئەو هەڵسوکەوتە یەك لەدوای یەکانەی لەماوەی بەڕێوەچوونی وانەوتنەوەدا دەیکات بۆ گەیشتن بەئامانجە پەروەردەییەکان (محمد،٢٠١٣: ٨٦)ئەمڕۆ وانەی تایبەت بابەتێکە هەمووانی لەهەرێمی کوردستان سەرقاڵ کردووە، تاك، خێزان، کۆمەڵگە، وەزارەتی پەروەردە، بگرە خوێندنی باڵاش،ئینجا لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندنی بنەڕەتیو ئامادەیی یاخود لەزانکۆو پەیمانگاکان (عبدالواحد،٢٠١٤: ١٣٤).بێگومان زۆربەی ئەو خوێندکارانەی پەنادەبەنە بەر وانەی تایبەت خوێندکاری (١٢)ی ئامادەیین، بەهۆی چارەنووسسازی ئەو قۆناغە لەسیستمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەندێجاریش قوتابیانی قۆناغەکانی خوارتریش ناچاری پەنابردنی بەر مامۆستای تایبەتی دەبن.هەروەها ئەو بابەتانەی خوێندکاران زیاتر مامۆستای تایبەتی بۆ دەگرنو لەڕێگەی وانەی تایبەتەوە ئەو وانانە دەخوێنن بریتین لەوانەکانی (کیمیا, فیزیا, بیرکاری، ئینگلیزی، زیندەوەرزانی, عەرەبی)،بەڵام خوێندکاران بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بۆ بابەتەکانی کیمیاو ئینگلیزی بیرکاری مامۆستای تایبەت دەگرن، هۆکارەکەشی زیاتر بۆ سەختیو گرانی ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە، بێگومان وانەی تایبەتی هەم لایەنی ئەرێنیو هەم لایەنی نەرێنی لەخۆدەگرێت، بەڵام لایەنی نەرێنی زۆر زیاترە لەلایەنی ئەرێنی، یەکێك لەو لایەنە ئەرێنیانەی کە وانەوتنەوەی تایبەتی هەیەتی ئەوەیە زۆرکات ئەو فێرخوازانەی توانای تێگەیشتنیان نییە لەبەرامبەر ئەو مامۆستایەی لەناو پۆل وانەی پێدەڵێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندکارەکە ئاستی زیرەکی زۆر بەرزە، هەربۆیە هەڵدەستێت بەگرتنی مامۆستای تایبەتو یارمەتییەکی باشە بۆ ئەو فێرخوازانەی لەبەر نەخۆشی یان سەفەر یان هەر هۆیەکی دیکە بێت لەوانەکانیاندا بەجێماون(عبدالواحد،٢٠١٤: ١٣٦)

لایەنی نەرێنیشی زۆرە وەك شپرزەکردنی مێشکی خوێندکار بەپەستاندنی زێدە وانەو بابەتو ئەرك، زۆرجار وانەی تایبەت دەبێتە بەربەست لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە دەبێت بۆ بابەتەکانی دیکە بۆ رۆژی دواتر ئامادەی بکات، بودجەی خێزان دەکەوێتە ژێر کاریگەری خراپی ئەمجۆرە وانەوە، بەتایبەتی ئەگەر خێزانەکە دەرامەتی باش نەبێتو چەند مامۆستایەکیشی بۆ منداڵەکانی گرتبێت.

٣-   پاڵنەرو هۆكاری تایبەت بە وتنەوەی وانەی تایبەت:

كۆمەڵێك پاڵنەر هەن كە بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی وانەی تایبەت لەوانەش:

١- خوێندكار هەیە درەنگ وەرگرەو پێویستی بەمامۆستایەك هەیە زیاتر وانەكەی بۆ راڤە بكات.

٢- هەیە لەناو كۆمەڵگەدا لەوانە تێناگاتو بەتەنها تێدەگات.

٣- زۆریی رێژەی خوێندكار لەپۆلێكداو نەبوونی بینای پێویست. بۆیە ئەگەر تێبینی بكرێت هیچ مامۆستایەك لەدنیادا نییە وەكو پێویست بیتوانێت كۆنترۆڵی پەنجا خوێندكار لەپۆلێكدا بكاتو ناتوانێت هەموویان بەسەربكاتەوەو ناتوانێت بەهەموویان رابگات، بۆیە هەر پۆلێكی خوێندن لە ١٠ تاوەكو ٢٠ خوێندكار زیاتربێت ئەوا پۆلێكی فاشلە.خوێندكار هەیە زوو وەرگرەو بەتوانایەو سەعی دەكات بۆ نمرەی بەرزو متمانەی زیاتری مامۆستای تایبەت وەردەگرێت.

٤- هۆیەكانی روونكردنەوە لەخوێندگاكاندا وەكو پێویست نینو وانەكان زیاتر تیۆرینو تێگەیشتنیان زەحمەتو قورسە. هۆكاری ئابووری ئاستی گوزەرانی بەخێوكەری خوێندكار.

٥- هۆكاری كۆمەڵایەتی دابونەریتی باوی كۆمەڵگەی كوردی. لاوازیی ئاستی زانیاریی لای مامۆستایان.

٦- نەبوونی مووچەیەكی باش كە بەشی بژێوی مامۆستاو منداڵەكان بكات. دانانی تاقیكردنەوە خۆی هاندەرە بۆ پەنابردن بۆ وانەی تایبەت.

٧- زۆری چروپڕی وەرزەكانی خوێندنو جیاوازی ماوەكانی خوێندن لەیەك رۆژداو لاوازیی ئاستی بەرهەمهێنراوی رۆڵەكانو گوێ پێنەدان بەسوودوەرگرتن لەچالاكی فێركردن لەناو هۆڵەكانی وانەوتنەوە بەیەكێك لەهۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی وانەی تایبەت ئەژمێردرێت.

٨- خێزانەكان شكیان لەچاوەڕوانكردنی پلەبەندی رۆڵەكانیانو پاڵنانیان بەرەو ئامانجێك كە بگونجێت لەگەڵا بۆ زیاتر وەرگرتنی وانەی تایبەت.

٩- نەبوونی چاودێرییەكی باشو لێپرسینەوەی وردولاوازیی هەستی رەوشتی ئاینی و لادانی هەندێك لەمامۆستایان بەیاریكردن بەنمرەی خوێندكارەكانەوە و رێز لێگرتنیان هەمیشە لەبەرژەوەندی ئەو خوێندكارانەدایە كە پارەدەدەن بەوانەی تایبەت(جورج،٢٠١٧: ١٧٩).

**تەوەری دووەم/**

١-جێەكەوتەی وانەی تایبەت لەسەر خوێندكار وسیستمی پەروەردە:

سیستمی پەروەردە سیستمێكی دامەزراوەییە كۆمەڵێك یاساو رێسای تایبەت بەخۆی هەیە، وانەی تایبەت یەكێكە لەو وانانەی كە كاریگەرییەكی زۆر نەرێنیو سلبی لەسەر سیستمی پەروەردە و خوێنكاران كردوە دروست كردووە، سەرەڕای هەندێك لایەنی ئەرێنیو ئیجابی، بەڵام لایەنە نە رێنیەكانی زۆرترەو بەشێوەیەكی گشتی كاریگەریەكی نەرێنی لەسەر سیستمی پەروەردە دروست كردووە، بەڵگەشمان زۆرە كە چۆن وانەوتنەوەی تایبەت چ كاریگەرییەكی خراپو نەرێنی دروست كردووە لەسەر سیستمی پەروەردە، هەندێك لەمامۆستایان لەوانەی تایبەتدا خۆیان ماندوو دەكەن كە ساڵانێكە وتنەوەی وانەی تایبەتی رووی لەزیادبوون كردووە ئیتر لەرێگای خولی تایبەتەوە بێت یان لەرێی وانە بۆ مامۆستایەك بەتایبەتی لەقۆناغی دوانزەی ئامادەیی بێت، ئەمانەش خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەكرێت بەتایبەتی لەنێوان خوێندكاران خۆیانو قسەی زۆریان هەیە لەسەر ئەم دیاردەیە، بەپێی لێدوانی چەند خوێندكارێك هەندێك لەمامۆستایان تەنها خۆیان بۆ وانەی تایبەت تەرخان دەكەن، هەربۆیە لە ئەنجامی ئەو چاوپێكەوتنانەی

لەگەڵ خوێندکارانی دوانزەی ئامادەیی کراوە پێیان وایە دەبێت سانسۆرێکی بخرێتە سەر ئەم دیاردەیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، ئەگەر بنەبڕیش نەکرێت ئەوا با کەم بکرێتەوە، چونکە وای لەزۆرێك لەمامۆستایان کردووە توانای خۆیان تەنها لەوانەی تایبەت ببەخشن‌و لەوانەی خوێندنکە کاندا یان زانیاریە گرنگەکان بەقوتابی نەڵێن‌و خۆیان ماندوو نەکەن(احمد،٢٠١٢: ١٨).

زۆرێك لە مامۆستایان پاش چاوپێکەتن لە گەڵیاندا بەووتەی خویان تائێستا وانەی تایبەتی ناڵێنەوەدەڵێن: ئەم دیاردەیە گەورەترین زەرەر لەسیستمی پەروەردە دەدات، چونکە کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی زیرەکی خوێندکار هەیە. وەزارەت دوو جار ڕێگری لێکردووەو بڕیاری قەدەغەکردنی وانەی تایبەتی داوە، بەڵام نەتوانراوە ڕێی پێبگرێت، بەو ڕێگەیەش ناتوانێت ڕێگری لەو دیاردەیە بکرێت. باسی لەوەش دە کە ن، وانەی تایبەت خەرجی زیاترە لەسەر کەسوکاری خوێندکار، هەندێك کاتیش دەبێتە هۆی کێشە بۆ خێزانەکان، تەنها چارەسەریش پەیڕەویکردنی ئەو بەرنامەیەیە کە لەوڵاتانی تورکیاو ئێران پەیڕەوی دەکرێت، بۆ وتنەوەی وانەی تایبەت کە لەپەیمانگاکانمان وانە دەوترێتەوەو وەزارەتی پەروەردە چاودێری دەکات، لەو پەیمانگایانە رەچاوی ژمارەی خوێندکار دەکرێت‌و بڕی پارەکەش ئەوەندە نییە بارگرانی بخاتە سەر خێزانەکان، بڕی پارەکەش دیاریکراوە، بۆیە دەکرێت لەوجۆرە پەیمانگایانە لەهەرێمی کوردستان بۆ وانەی تایبەتی بکرێتەوە لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردە بێت، ئەو کات بەلایەنێکی باش لەسەر سیستمی پەروەردە بەجێ دەهێڵێت( ئیدریس،٢٠١٤: ٩٠).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەی جی سەرنج و هۆکاری دروستکردنی کێشەکانی خوێندکارو پرۆسەی پەروەردە بەهۆی کەمی خوێندنەوە هەوڵ و ماندوو بون و کۆشش نە کردن بۆ بەدەست هێنانی نمرە یە بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواناوەندی بگرە قۆناغەکانی بنەڕەتیشی گرتوەتەوە کە بە هۆی قۆرغ کردنەوەی وتنەوەی وانەی تایەت لای مامۆستایانەوە لە ڕاسیتدا ئەوە هۆکارە بۆئەوەی جێکەوتەیەکی سلبی لەسەر پێگەشتن و گەشەکردنی توانای خوێندکاران دەکات .چونکە لە ڕاستیدا ،لە قۆناغەکانی خوێندندا مامۆستاکان هەموو بابەتەکان بە چڕو پڕی و تێرو تەسەلەیی ناڵێنەوە ئەمەش سەرنجی خوێندکاران ڕادەکێشن بۆ ئەوەی بەتایبەت وانەکانیان پێ بوترێتەوە لەسەرەتای سالیَ‌خوێندنیاندا خوێندکارەکان زۆر گرنگی نادە ن لە پۆلدا بۆ گوێ گرتن و هەوڵدان .پاشان لەگەڵ مامۆستاکانیاندا ڕێك دەکەون کە بۆساڵەکە وانەی تایبەتیان پێ بڵێنەوە ، بەم شێوەیە سیستمێکی تایبەت بە خۆیان وەرگرتوە وکارەساتێکە بۆ پرۆسەی پەروەردەش . نەبوونی پلان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا و نەبوونی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ تاوتوێکردنی ئەم کێشەیە ، هەرئەوەشە وای کردوە کە بەردەوام سەنتەری تایبەت بەووتنەوەی وانەی تایبەت بکرێتەوە و نەبوونی سنورێکی یاسای کە کۆتای بەم کێشانە بهێنێت.

٢-ڕۆڵی وانەی تایبەت لەبەدەستهێنانی نمرە

قوتابیان کاتێك ئەگەر قۆناغی دوانزەی ئامادەیی بن هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین نمرە ئەدەن، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە هەیانە، چونکە قۆناغی دوانزەی ئامادەیی بەقۆناغی ئایندەی ژیانیان دەزانن، ئەگەر بتوانن لەم قۆناغەدا نمرەی بەرز بەدەستبهێنن ئەوا دەگەنە هەموو ئەو ئامانجانەی کە بۆ ئایندەی ژیانیان هەیانە جا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجو ئاواتەیان بەشێکی زۆری خوێندکاران پەنا دەبەنە بەرگرتنی مامۆستای تایبەتی‌و وانەوتنەوەی تایبەتی, تاکو نمرەی بەرزیان چنگ بکەوێت بەتایبەتی روو لەو مامۆستایانە دەکەن ناو ناوبانگیان هەیەو ئەزموونی زۆریان لەوانەوتنەوەی تایبەتی هەیە(جورج،٢٠١٧:: ١٩١).ماوەی چەند ساڵێکە خوێندکاران بۆ باشترکردنی ئاستی وانەی تایبەتی لەلایەن مامۆستای پسپۆڕەوە، هەروەك پسپۆڕانی پەروەردەش ئاماژەی پێدەکەن

لەگەڵ ئەوەی وانەی تایبەتی سوود بەخوێندکاران دەگەیەنێت بۆ بەدەستهێنانی نمرە، بەڵام بابەتەکە لەچوارچێوەی زانستو خوێندن دەرچووە، لەلایەن هەندێك کەسەوە ڕێچکەی بازرگانی گرتووە ئەوەش بارگرانیەکی زۆری خستۆتە سەر خێزانەکان. چەند کەسو کارێکی خوێندکارانیان سەبارەت بەوانەی تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی نمرەو ئەو گرفتانەی کە توشیان بووەو رووبەڕوویان بووەتەوە لەبارەی وانەی تایبەتەوە بۆ بەدەستهێنانی نمرە لەگەڵا نزیکبوونەوەی کۆتایی ساڵا، خوێنکارانی پۆلی دوانزەی ئامادەی لەوانەکانیاندا وەك پێویست مامۆستاکان هاوکاریان نابن، ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ئەوا نمرەی باشو بەرز بەدەست ناهێنێت، بۆیە مامۆستای تایبەتیان بۆ دەگرن بۆهەندێك لەوانەکان، هۆکارەکی بۆ کەمتەرخەمی لەخوێندنو قوتابخانەکەی دەگەڕێتەوە و هۆکارێکی تریشی بۆ زۆریی ژمارەی خوێندکاران لەپۆلێکدا گەڕاندەوە بێگومان پاش گرتنی مامۆستای تایبەت کاریگەریەکی باشی هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکان دەنوانن ئەو نمرانەیان چنگ بکەوێت کە ئامانجی بوو، کەواتە وانەی تایبەتی لایەنی ئەرێنی هەیە بۆ دەستهێنانی نمرە، سەرەڕای هەبوونی لایەنی نەرێنی.سوودی وانەی تایبەت دەکەوێتە سەر خوێندکارەکە خۆی ئایا تا چەند سوودی لێ وەردەگرێ، چونکە خوێندکار هەیە مامۆستای تایبەتیش دەگرێ کەچی نمرەی زۆر باش بە دەست ناهێنێت، بەڵام بەزۆریی خوێندکار سوود لەوانەی تایبەتی وەردەگرێ، چ کێشەو هۆکارێك هەیە کەوا لەقوتابی بکات پەنابەرێتە بەر مامۆستای تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی نمرە، وەك خراپی ئاستی خوێندکارو مامۆستاو قەرەباڵغی خوێندنگەو چەند هۆکارێکی دیکەش، هەروەك زۆرجار خوێندکار جارێك دوو جار لەوانەکان تێناگاتو پێویستی بەچەند جار دووبارەکردنەوەی هەیە، بەڵام بەهۆی نەگونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو پۆل، خوێندکار هەلی زۆر دووبارەکردنەوە لەدەستدەدات، ئەمەش کاریگەری زۆری لەبەدەستهێنانی نمرەی بەرز دەبێت، بەڵکو زۆرجار خوێندکار نەك نمرەی بەرز بەدەست ناهێنێت، بەڵکو توانای دەرچوونیشی زۆر کەم دەبێتەوە.خاڵێکی سلبی وانەی تایبەتی بۆ دەستهێنانی نمرە قوتابی بڕە پارەیەك بەمامۆستا دەدات کەچی لەوانەکە دەرناچێت، یاخود ئەگەر دەریش بچێت ئەوا ئەو نمرەیە بەدەستناهێنێت، کە ئەو ئارەزووی دەکاتو خەونی پێوە دەبینێت، کەواتە مادام ئەم دیاردەیە هەیە پێویستە زەمانەتێك لەنێوان هەردوولادا هەبێت، واتە ئەگەر قوتابیەك دەرنەچوو یاخود نمرەیەکی باشی بەدەستنەهێنا ئەوا بڕی ئەو پارە کەمتر بێت کە خوێندکارەکە دەیداتە مامۆستا(مەریوان،٢٠١١: ٨٨).

**بەشی چوارەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانیەکان**

**یە کە م/میتۆدی توێژینە وە کە**

١- ڕووپێوی کۆمەڵایەتی

ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆدە سەرەکیەکان کە لە توێژینەوە وەسفیەکاندا بەکاردەهێنرێت وە دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕەوشی کۆمەڵگە و پێویستیەکانی دەکات بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ چاکسازی کردنی کۆمەڵگە هەروەها جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم میتۆدە مەیدانیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەك یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی باوی دیاری کراو لەناوچەیەکی جوگرافی دا بەکاردێ.(د.هاشم،٢٠١٧: ٦٧)لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی هەیە کە بریتین لە أ-ڕووپێوی گشتی : ئەم جۆرە ڕووپێوییە لێکۆڵینەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکان دەگرێتەوە .هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێگەیەی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوە.جێکەوتەکانی وتنەوەی وانەی تایبەت لەخوێندنگاکاندا( ١٠٠)نموونەی توێژینەوەکەی هەمووی وەرگرتووە بەهۆی زۆرینمونەکەوە ، بۆیە توانرا ئەم جۆرە لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بۆ بەکاربهێنرێت بۆچوونی سەرجەم تاکەکان

وەربگیرێت  بۆ کۆکردنەوەی زانیاری . ب-ڕووپێوی بە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە : ئەم جۆرە واتە وەرگرتنی بەشێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت . بە مەرجێك ئەو بەشەی بۆ توێژینەوەکە وەردەگیرێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات .

٢--میتۆدی مێژووی :

بەکارهێنانی میتۆدی مێژووی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ مەبەستی گەیشتنە بە بنەما و ڕا گشتیەکان لە ڕێگەی توێژینەوە لە ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو شیکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەستە بەو کێشە مرۆیی و کۆمەڵایەتیانە کە لە ئێستادا هەیە ،ئەم میتۆدە لە ڕابردوودا لەلایەن کۆمەڵناسی بەناوبانگەوە بەکارهێنراوە لەوانە هربرت سبنسەر و مارکس و ماکس ڤێبەر و ئەمیل دۆرکهایم توینبی کار منهایم و چەند کۆمەڵناسێکی دیکە کە پشتیان بەم میتۆدە بەستووە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستم دامەزراوە و دیاردەکانی کۆمەڵگە(د.هاشم،٢٠١٧: ٨٣).

**دووە م- نمونەی توێژینەوەکە:**

نمونەی توێژینەوە نمونەیەکی مەبەستدارە لەبەر ئەوەی بەبێ جیاوازی لەئاست و پلەو چەند تایبەتمەندیەکی وەرنەگیراوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەیە بەبێ جیاوازی.  هەر لەم ڕوانگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی وەرگرتووە  بریتییە لەو کەسانەی یان ئەو نموونەیەی توێژەر دیاری دەکات بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، بریتییە لەو (١٠٠) نموونەیەی کە هەر (١٠٠) یان خوێندکاری پۆلی دوانزەن بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕووپێوی بەڕێگەی وەرگرتنی نموونە سەرجەمیانی وەرگرتووە بە هەردوو ڕەگەزەوە .

**سێیە م- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :**

ئامرازەکانی توێژینەوە کۆمەڵێك کەرەسە و شێوازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان کە لە توێژینەوەی خزمەتگوزاری و دەروناسی و کۆمەڵناسیدا زانیاریەکان لەسەر دیاردە و تایبەتمەندیە ڕەفتاریەکانی پەیوەستە بە تاکەکان کۆ دەکرێتەوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەشێوەکی گونجاو و زانستی چەند ئامرازێك بەکارهاتووە کە بریتین لە (د.احسان،٢٠١٦: ١١٨):-

**جوارە م-فۆڕمی ڕاسبارده توێژینەوە :**

فۆڕمی توێژینەوە بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار کە ڕووبەڕووی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکرێتەوە کە ئەو پرسیارانە پەیوەندی هەیە بە ڕەوشی ئەو کەسانەی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە ، جا چ خێزان بن یان کەسانی پیشەیی ،پەیوەندی هەیە بە بۆچوون و هەڵوێست و پێشبینی و هەروەها زانیاری و هۆشیاریان لەسەر ڕووداوتر یان دیاردەیەك یان گرفتێك یان هەر شتێك کە لەلای توێژەر گرنگ بێت

ئامادەکردنی فۆڕمی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە , ئەوانیش:

أ-ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی سەرەتایی , کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە وە هەروەها بوونی پرسیاری کراوەش تیایدا .

ب-سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کە تێیدا توێژەر بەهۆی خستنەڕووی توێژینەکەیەوە چەندین پرسیاری بۆ دروست کردین .

ت-سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە کە بەتێبینی و سەرنجەکانیان سودێکی زۆریان پێگەیاندین تا فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی و ورد و گونجا و ئامادەبکرێت , هەر وەك

ئەزموونی توێژەر سودی لە ئامادەکردنی فۆرمەکە هەبوو بەو پیشەیەی خوێندنەوەی بەردەوامی لەسەر ئەم بابەتە هەبووە .

**بێنجە م- چاوپێکەوتن :**

چاوپێکەوتن یەکێکە لە شێوازێکی پرسیار ئاڕاستەکردنە کە لەژیانەی ڕۆژانەی خەڵکیدا ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بنەمایەکی زانستیانە ،لە هەمان کاتدا چاوپێکەوتن بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی توێژینەوە دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری کۆمەڵناسی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروناسیدا ، بەبێ بوونی چاوپێکەوتن توێژەر ناتوانێت بە ڕاستیەکان ئاشنابێت و پۆلێنکاری زانستیانەی بۆ بکات تا یارمەتی بدات بۆ ئەنجامەکانی کۆتایی کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی بابەتی توێژینەوەکە بەهۆی چاوپێکەوتنەوە توێژەرتوانی پرسیارەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە تا بەشێوەیەکی ڕاست و گونجاو وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە( د.محمد،٢٠١٧: ١٣٣).

**شه شه م - تێبینی :**

تێبینی بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەڕێگەی چاودێری کردنی ورد و مەبەستدارەوە بۆ ڕەفتار یان دیاردەیەکی دیاری کراو , دواتر تۆمار کردنی زانیاریەکان لەسەر ئەو دیاردەیە لەلایەن توێژەروە .هەروەك تێبینی بە کۆنترین ئامراز دادەنرێت کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان بەکاریهێناوە , ئەوەی ئەم ئامرازە لە ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری جیادەکاتەوە ئەوەیە سوود لێ وەردەگیرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی پەیوەستە بە ڕفتاری کرداری تاکەکانەوە لە هەندێ هەڵوێستی ڕاستەقینەیان لە ژیاندا , هەروەها سودی لێوەردەگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەندێك دۆخی توێژەران کە ئامادەنین وەڵامی پرسیارەکانی توێژەری لەسەر بدەنەوە (د.احسان،٢٠١٦: ١٢٣).

**حه وته م- ئامرازە ئامارییەکان :**

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهاتوون بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارە مەیدانەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە کە ئەویش ڕێژەی سەدی ( نسبە المؤیە ) :- ئەم ئامرازە ئامارییە بۆ زانینی ڕێژەی سەدی وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە وە بەراوردکردن و دەرخستنی جیاوازی نێوان وەڵامی تاکی نموونەی توێینەوەکە بەکارهاتووە(د.هاشم،٢٠١٧: ٥٩) .

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} * ١٠٠$$

**هه شتەم- سنوری توێژینەوەکە:**

١- بواری مرۆیی:بریتییە لەو کەسانەی یان ئەو نموونەیەی توێژەر دیاری دەکات بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، ئەم توێژینەوەیەش بواری مرۆییەکەی بریتییە لەو (١٠٠) نموونەیەی کە هەر (١٠٠) یان خوێندکاری پۆلی دوانزەن بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.

٢- بواری جوگرافی:شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە پێکهاتووە لەشاری سلێمانیو خوێندنگاکانی (بەریتانی نێودەوڵەتی تێکەڵاو،ڕەنگینی نمونەی کچان، ئامادەی بەکرەجۆ، هەواری شار، شیرینی کچان، ئامادەیی ئاگری داغی کوڕان، تووی مەلیکی نمونەیی،ئامادەی هەڵکەوتی کوڕان)

٣- بواری کاتی:ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە کارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە. (٢٠١٧/١/٢٠ – ٢٠١٨/١٠/١)

**هەشتەم/خستنەڕووی خشتە ئامارییەکان دە رئە نجام وراسبارده و بێشنیارە کان**

تە وە رە ی یە کە م/خستنە رووی خشتە ئامارییە کان

خشتەی (١)

رەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات

| رەگەز | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ٥٠% |
| مێ | ٥٠ | ٥٠% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (١)ی تایبەت بەڕەگەزی ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە (٥٠%)ی ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە لەڕەگەزی نێرن‌و (٥٠%)ی لەڕەگەزی مێ.

خشتەی (٢)

تەمەنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات:

| تەمەن | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨ | ٥٥ | %٥٥ |
| ١٩ | ٣٥ | ٣٥% |
| ٢٠ | ١٠ | %١٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (٢)ی تایبەت بەتەمەنی ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، کە رێژەی (٥٥%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە تەمەنیان لەنێوان (١٨) ساڵیدایەو رێژەی (٣٥%)ی تەمەنی لەنێوان (١٩) ساڵیدایەو رێژەی (١٠%)ی تەمەنی لەنێوان (١٩) ساڵیدایە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (٥٥%)ی ئەندامانی نمونەیی توێژینەوەکە زۆرترین رێژەی تەمەنیان لەنێوان (١٨) ساڵیدایە.زۆرترین تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەن.

خشتەی (٣)

باری خێزان‌و ئەندامانی نموونەیی توێژینەوە کە دەردەخات:

| باری خێزانی | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٩٠ | %٩٠ |
| خێزاندار | ١٠ | % ١٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (٣)ی تایبەت بەباری خێزانداری ئەندامانی نمونەی توێژینەوە لەڕووی باری خێزانیەوە، لە (٩%)ی ئەندامانی توێژینەوەکە سەڵتن، لە ( ١٠%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە خێزاندارن.لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە رێژەی لە (٩%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە کە زۆرترین رێژەیەتی لەڕووی باری خێزانیەوە سەڵتن.کەواتە زۆرینەیان نە چونەتە باری هاوسەر گیریەوە.

خشتەی (٤)

باری ئابووری ئەندامانی نموونەیی توێژینەوە کە دەردەخات

| باری ئابووری | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باش | ٥٩ | %٥٩ |
| مام ناوەند | ٣١ | ٣١ % |
| خراپ | ١٠ | %١٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٤)ی تایبەت بەباری ئابوری ئەندامانی نمونەی توێژینەوە لەڕووی باری خێزانیەوە لە (%٥٩)ی ئەندامانی توێژینەوەکە باری ئابوریيان زۆر باشە، لەڕێژەی (%٣١)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە باری ئابووریان مامناوەندە. ڕێژەی (%١٠)ی ئەمدامانی نمونەی توێژینەوە باری ئابووریان خراپە.لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە ڕێژەی لە ( %٥٩)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە کە زۆر ترین ڕێژەیە باری ئابووریان باشە، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە باری ئابووری تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی وانەی تایبەت لەخوێندنگاکاندابە پێی ئەو ڕێژەیە باری ئابوریان زورباشە.

خشتەی (٥)

شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی نموونەیی توێژینەوە کە دەردەخات

| شوێنی نیشتەجێبوون | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ١٠٠ | %١٠٠ |
| قەزا | - | - |
| ناحیە | | - |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٥)ی تایبەت بەباری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی (%١٠٠)ی نیشتەجێی شارن.ئەمەش تێڕوانینی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە دەربارەی وانەی تایبەت دەردەخات لەشاری سلێمانیدا.لەبەر ئەوەی نمونەی توێژینەوەکەمان هەمووی ئەو خوێندکارانەنە کە لە شاردا دەژین.

خشتەی (٦)

کاریگەری وانەی تایبەت  لەسەر سیستمی پەروەردە دە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٢ | %٣٢ |
| تاڕادەیەك | ٦٢ | %٦٢ |
| نەخێر | ٢ | %٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٦)ی تایبەت بەوەی وانەی تایبەت کاریگەری سلبی لەسەر سیستمی پەروەردە دروست کردووە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی (%٣٢)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە وانەی تایبەت کاریگەری سلبی لەسەر سیستمی پەروەردە کردووە و ڕێژەی (%٦٢)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، کە زۆرترین ڕێژەیە پێیانوایە

تاڕادەیەك وانەی تایبەتی كاریگەری سلبی هەیە لەسەر سیستمی پەرەوەردە، كاریگەری لەسەر سیستمی پەروەردە دروست كردووەو بۆتە دیاردەیەكی باوی كۆمەڵگە.بە پێی وەڵامەكانی سەرەوە بۆمان دەركەوت كە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەكە تاڕادەیەك پێیان وایە كە كاریگەری لەسەر سیستەمی پەروەردە دەكات چونكە هیچ یاساو ڕێسایەك نیە كە سنورێك بۆ ووتنەوەی وانەی تایبەت ڕابگرێت.

خشتەی (٧)

سوودی وانەی تایبەت بۆ ئاستبەرزی خوێندكارەكە یان مامۆستادە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خوێندكارەكە | ٣٠ | %٣٠ |
| مامۆستاكە | ٦٢ | %١٠ |
| هەردووكیان | ٢ | %٣٦ |
| هیچیان | ٢٤ | %٢٤ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٦)ی تایبەت بەوەی سوودی وانەی تایبەت بۆ ئاستبەرزی خوێندكارەكە یاخود ئاست بەرزی مامۆستاكە دەگەڕێتەوە، دەركەوتووە كە ڕێژەی لە (٣٠%)ی پێیانوایە كە سوودی وانەی تایبەت بۆ ئاستبەرزی خوێندكارەكە دەگەڕێتەوە، لە (١٠%)ی پێیانوایە سوودی وانەی تایبەت بۆ ئاستبەرزی مامۆستاكە دەگەڕێتەوە، ڕێژەی (٣٦%) پێیانوایە سوودی وانەی تایبەت بۆ ئاستبەرزی هەردوكیان دەگەڕێتەوە، كە زۆرترین ڕێژەیەتی، ڕێژەی (٢٤%)ی پێیانوایە بۆ ئاستبەرزی هیچیان ناگەڕێتەوەو سوودی نییە. بۆ ئاست بەرزی هەردووكیان دەگەڕێتەوە.بە پێی وەڵامی نمونەی توێژینەوەكە بۆمان دەركەوت لەم خشتەیەدا كە زۆرینەیان پێیان وایە ئاستی مامۆستاكە بەرز دەبێتەوە لەكاتێكدا كە وانەی تایبەت دەڵێتەوە و ئاستی مامۆستا بەرز دەبێتەوە نەك ئاستی زانستی خوێندكار و بابەتەكان.

خشتەی (٨)

پابەند نە بوونی خوێندكار بە دە وامە وە بە هۆی وانەی تایبەتە وە دە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | %٤٦ |
| تاڕادەیەك | ٣٦ | ٣٦% |
| نەخێر | ١٨ | %١٨ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٨)ی وانەی تایبەت بووەتە هۆكاری ئەوەی كە وا خوێندكار پابەندی دەوام نەبێت، دەركەوتووە ڕێژەی (٤٦%)ی پێیانوایە وانەی تایبەت بووەتە هۆكاری ئەوەی كە وا خوێندكار پابەندی دەوام نەبێتو ڕێژەی (٣٦%)ی پێیانوایە تاڕادەیەك كاریگەری هەیە كە خوێندكار پابەندی دەوام نەبێتو ڕێژەی (١٨%)ی پێیانوایە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندكار پابەندی دەوام نەبێت.لێرەوە بۆمان دەركەوت كە ڕێژەی (٤٦%)ی كە زۆرترین ڕێژەیە پێیانوایە وانەی تایبەت بووەتە هۆكاری ئەوەی خوێندكار پابەندی دەوام نەبێت. توێژەر پێیوایە بەڵێ خوێندكار كە مامۆستای تایبەتی گرت پابەندی دەوام نابێت، چونكە پێیوایە ئەو مامۆستای هەبێت ئیتر بۆ بێتەوە بۆ خوێندنگا.ئەگەر سەیری

وەڵامی ئەم خشتەیەش بکەین بێگومان زۆرینەی وەڵامەکانیان بە بەڵیە بۆئەوەی کەوا خوێندکار پابەند نیە بە دوامی رەسمی خۆیەوە بەهۆی بوونی وانەی تایبەتەوە .

خشتەی (٩)

وانەی تایبەت بووەتە هۆکارە بۆ ئەوەی خوێندکار مامەڵەی زانستی لەگەڵ وانەکاندا بکاتو لایەنی پەوەردەیی پشتگوێ بخات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | %٤٢ |
| تارادەیەك | ٤٦ | %٤٦ |
| نەخێر | ١٢ | %١٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٩) وانەی تایبەت بووەتە هۆکاری ئەوەی خوێندکار مامەڵەی وشکی زانستی لەگەڵ وانەکاندا بکاتو لایەنی پەوەردەیی پشتگوێ بخات؟ دەرکەوتووە رێژەی (%٤٢)ی پێیانوایە وانەی تایبەت بووەتە هۆکاری ئەوەی خوێندکار مامەڵەی وشکی لەگەڵا وانەکاندا بکاتو لایەنی پەروەردەیی پشتگوێ بخات، رێژەی (%٤٦)ی کە زۆرترین رێژەیە پێیانوایە کە تارادەیەك کاریگەری هەیەو خوێندکار مامەڵەی وشکی زانستی لەگەڵا وانەکاندا بکاتو لایەنی پەروەردەیی پشتگوێ بخاتو رێژەی (%١٢) پێیانوایە کە وانی تایبە ت کاریگەری نییەو ناشبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار مامەڵەی وشکی زانستی لەگەڵا وانەکاندا بکاتو لایەنی پەروەردەیی پشتگوێ بخات. توێژەر پێیوایە تارادەیەك هۆکارە کە خوێندکار مامەڵەی وشکی زانستی بکات لەگەڵا وانەکاندا.

خشتەی (١٠)

گرانیی مەنهەجو بابەتەکان هۆکارە کە خوێندکار پەنابەرێتەر بەر وانەی تایبەت

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | %٤٢ |
| تارادەیەك | ٤٤ | %٤٤ |
| نەخێر | ١٤ | %١٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١٠) تایبەت گرانیی مەنهەجو بابەتەکان وایکردووە خوێندکار پەنابەرێتەر بەر وانەی تایبەت؟ دەرکەوتووە رێژەی لە (%٤٢) پێیانوایە بەڵێ گرانی مەنهەجو بابەتەکان وایکردووە خوێندکار پەنابەرێتە بەر وانەی تایبەت، رێژەی (%٤٤) پێیانوایە تارادەیەك کاریگەری هەیەو خوێندکار بەهۆی گرانی مەنهەجەوە پەنا بەرێتە بەر وانەی تایبەت، زۆر ترین رێژەشە. رێژەی (%١٤) پێیانوایە کە گرانی مەنهەج کاریگەری پەنابەرێتە بەر وانەی تایبەت. توێژەر پێیوایە بەڵێ گرانیی مەنهەجو بابەتەکان وایکردووە خوێندکار پەنابەرێتە بەر وانەی تایبەت.لەم رۆژگارەدا گرانی و قورسی بابەتەکان تاکە هۆکار نین بۆ ئەوەی خوێندکار پشت بە مامۆستای تایبەت بگرێت بەڵو لە رۆژگاری ئەمرۆدا وتنەوەی وانەی تایبەت بوەتە دیاردەیەك مەحاڵ دەربازبوونی .

خشتەی (١١)

نزمی ئاستی مامۆستایان‌و کەمتەرخەمیی مامۆستا هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | %٤٢ |
| تاڕادەیەك | ٤٨ | %٤٨ |
| نەخێر | ١٠ | %١٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١١) تایبەت بەوەی کە نزمی ئاستی مامۆستایان کەمتەرخەمیی مامۆستا هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت؟ دەرکەوتووە رێژەی (%٤٢)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە بەڵێ نزمی ئاستی مامۆستاو کەمتەرخەمیی مامۆستا هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکارە بۆ وانەی تایبەت، رێژەی (%٤٨) پێیانوایە تاڕادەیەك نزمی ئاستی مامۆستا هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکارە بۆ وانەی تایبەت، رێژەی (%١٠) پێیانوایە نەخێر کاریگەری نییەو هۆکاریشە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت. لەبەر کەمتەرخەمیی مامۆستا خوێندکار پەنادەباتە بەر وانەی تایبەت‌و مامۆستا دەگرێت.ووتنەوەی وانەی تایبەت پەیوەندی نەماوە بە گرانی و قورسی بابەت و مستەوای مامۆستاکانەوە بەڵکولە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ووتنەوەی وانەی تایبەت کێ برکێی لەسەر دەکرێت .

خشتەی (١٢)

کەمتەرخەمیی خوێندکار هۆکارە بۆ پەنابردنی بۆ وانەی تایبەت

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | %٤٦ |
| تاڕادەیەك | ٣٢ | %٣٢ |
| نەخێر | ٢٢ | %٢٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١٢) تایبەت بەوەی کەمتەرخەمیی خوێندکار هۆکارە بۆ پەنابردنی بۆ وانەی تایبەت دەرکەوتووە رێژەی (%٤٦)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە بەڵێ کەمتەرخەمیی خوێندکار هۆکارە بۆ پەنابردنی بۆ وانەی تایبەت، کە زۆرترین رێژەیە. رێژەی (%٣٢) پێیانوایە تاڕادەیەك کەمتەرخەمیی خوێندکار هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت، رێژەی (%٢٢) لە نمونە ی تویزینە وە کە پێیانوایە نەخێر کاریگەری نییەو هۆکاریشە بۆ پەنابردن بۆ وانەی تایبەت. توێژەر پێیوایە بەڵێ بەهۆی گوێنەگرتن بۆ مامۆستاو پابەندنەبوونی بەردەوامو کەمتەرخەمیی وای لێدەکات کە مامۆستای تایبەت بگرێت.کەمتەرخەمی خوێنکاران بەهۆی کرانەوەی تۆرەپەیوەندیەکان و زۆر بوونی ئامێرە زیرەکەکان و خوێنکار زۆرینەی کاتەکانی بە و تۆرە کۆمەڵایەتیانەوە بەسەر دەبات کەئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ لە ناو بردنی ئاستی تواناکانیان.

خشتەی (١٣)

لەڕابردوودا خوێندکار زیاتر پەنای بۆ وانەی تایبەت دەبرد یاخود ئێستا

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| لەڕابردوو | - | - |
| لەئێستادا | ١٠٠ | %١٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١٣) تایبەت بەوەی لەڕابردوودا خوێندکار زیاتر پەنای بۆ وانەی تایبەت دەبرد یاخود ئێستا؟ دەرکەوتووە ڕێژەی (%١٠٠) ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە لەئێستادا خوێندکار زیاتر پەنا بۆ وانەی تایبەت دەبات کە زۆرترین ڕێژەیە، توێژەر پێیوایە لەئێستادا بۆتە دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەو خوێندکار زۆر پەنای بۆ دەبات بۆ بەدەستهێنانی نمرەیەکی باش.

خشتەی (١٤)

گونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو کەمیی پۆل هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٢٦ | %٢٦ |
| تاڕادەیەك | ٤٤ | %٤٤ |
| نەخێر | ٣٠ | %٣٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١٤) تایبەت بەوەی کە گونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو کەمیی پۆل هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت دەرکەوتووە ڕێژەی (٢٦)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە گونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو کەمیی پۆل هۆکارە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت، ڕێژەی (%٤٤)ی ئەندامانی نموونە پێیانوایە تاڕادەیەك کاریگەری هەیەو زۆرترین ڕێژەشە، ڕێژەی (%٣٠) پێیانوایە نەخێر گونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو کەمیی پۆل هۆکار نییە بۆ پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت. توێژەر پێیوایە بەڵێ گونجاندنی ژینگەی قوتابخانەو کەمیی پۆل هۆکارە بۆئەوەی خوێندکار پەنابەرێت بۆ وانەی تایبەت.

خشتەی (١٥)

ژمارەی زۆریی خوێندکار لەپۆلێکدا بووەتە هۆکاری پەنابردنە بەر وانەی تایبەت

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٤٨ | %٤٨ |
| تاڕادەیەك | ٣٢ | %٣٢ |
| نەخێر | ٢٠ | %٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١٥) تایبەت بەوەی کە ژمارەی زۆریی خوێندکار لەپۆلێکدا بووەتە هۆکاری پەنابردنە بەر وانەی تایبەت دەرکەوتووە ڕێژەی (%٤٨) کە زۆرترین ڕێژەیە پێیانوایە ژمارەی زۆریی خوێندکار لەپۆلێکدا بووەتە هۆکاری پەنابردنە بەر وانەی تایبەت. ڕێژەی (%٣٢) ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە تاڕادەیەك کاریگەری هەیەو

ڕێژەی لە (٢٠%) لەئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە زۆریی خوێندکار لەپۆلێکدا نابێتە هۆی ئەوەی خوێندکار مامۆستای تایبەت بگرێت. ژمارەی زۆریی خوێندکار لەپۆلێکدا بووەتە هۆکاری پەنابردنی خوێندکار بۆ وانەی تایبەت.لە ڕاستیدا زۆری ژمارەی خوێندکارەکان هۆکاری سەرەکیە بۆ بێزار بوونی لە وانەکانی خوێندنگەی هەربۆیە ناچار دەبێت مامۆستای تایبەت بگرێت بۆ سەرجەم وانەکانی چونکە بەگشتی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا بەتایبەت خوێندنگە حکومیەکان دەبینرێت ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لە پۆلێدان و ناتوانن گوێ بیستی هەموو وانەکانیان بن .

خشتەی (١٦)

تا چەند هونەری زانیاریی‌و گەیاندنی وانەوتنەوە لەمامۆستاکەت پێگەیشتووە

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| زۆر | ١٢ | ١٢% |
| تاڕادەیەك | ٥٤ | ٥٤% |
| کەم | ٣٤ | ٣٤% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (١٦) تایبەت بەوەی ڕیَزە ی هونەری زانیاریی‌و گەیاندنی وانەوتنەوە لەمامۆستابۆ خوێندکاران دە ر دە خات دەرکەوتووە (١٢%) ئەندامانی توێژینەوە پێیانوایە زۆریان پێگەیشتوون، ڕێژەی (٥٤%) کە زۆرترین ڕێژەیە تاڕادەیەك لەمامۆستاکەیان پێگەیشتووە، ڕێژەی (٣٤%) پێیانوایە کەمیان پێگەیشتووە. توێژەر پێیوایە تاڕادەیەك چونکە ئەگەر باش تێبگەن ئەوا پەنا بۆ وانەی تایبەت نابەن.

خشتەی (١٧)

زۆربەی ئەو خوێندکارانەی پەنا دەبەنە بەر وانەی تایبەت خوێندکارانی پۆلی دوانزەن

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٦٨ | ٦٨% |
| تاڕادەیەك | ١٦ | ١٦% |
| نەخێر | ١٦ | ١٦% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (١٧) تایبەت بەوەی زۆربەی ئەو خوێندکارانەی پەنادەبەنە بەر وانەی تایبەت خوێندکارانی پۆلی دوانزەن، دەرکەوتووە ڕێژەی (٦٨%)ی کە زۆرترین ڕێژەیە پێیانوایە بەڵێ خوێندکاری پۆلی دوانزەن، ڕێژەی (١٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە نەخێر مەرج نییە، ڕێژەی (١٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە تاڕادەیەك خوێندکاری دوانزە مامۆستای تایبەت دەگرێت. توێژەر پێیوایە تاڕادەیەکی زۆر خوێندکاری پۆلی (١٢)ن، هەربۆیە نموونەی توێژینەوەکەشم خوێندکاری پۆلی (١٢)ن.کەواتە ئە گەر سەیری وەڵامی نمونەکە بدەین دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لە خوێندکارانی قۆناغی دوانزە مامۆستای تایبەت دەگرن بۆ ئەوەی بتوانن نمرەی پێویست بەدەست بهێنن کەلە ڕاستیدا ئەمە لە ڕووی مادیەوە قورسە بۆسەرشانی خێزانەکانیان بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە هەمووی پڕە لە گرانی و کەم دەرامەتی .

خشتەی (١٨)

چاولێکەریی کاریگەری لەسەر گرتنی مامۆستای تایبەت هەیە

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | ٤٦% |
| تاڕادەیەك | ٣٦ | ٣٦% |
| نەخێر | ١٨ | ١٨% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (١٨) تایبەت بەوەی کە چاولێکەریی کاریگەری لەسەر گرتنی مامۆستای تایبەت هەیەدەرکەوتووە ڕێژەی (٤٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە کاریگەری هەیەو دەبێتە هۆی گرتنی مامۆستای تایبەت، ڕێژەی (٣٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، ڕێژەی (١٨%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە چاولێکەریی کاریگەری نییەو نابێتە هۆی گرتنی مامۆستای تایبەت. چاولێکەریی کاریگەری زۆر هەیەو هۆکارە بۆ پەنابردنە بەر وانەی تایبەت.لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر مامۆستای تایبەت دەگرێت کەواتە دیاردەکە چاولێگەریە چونکە هەمووی دەبنە گروپێك و کاریگەریان لەسەر یەکتری دەبێت.

خشتەی (١٩)

کاریگەری دەرونی وانەی تایبەت چ یەك لەسەر خوێنکارو خێزان دەردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٢٢ | ٢٢% |
| خراپ | ٦٨ | ٦٨% |
| زۆر خراپ | ١٠ | ١٠% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (١٩) تایبەت بەوەی کە کاریگەری دەرونی وانەی تایبەت چ یەك لەسەر خوێنکارو خێزان دەردە خات دەرکەوتووە ڕێژەی (٢٢%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە کاریگەری باش لەسەر خوێندکارو خێزانەکەی دروست دەکات، ڕێژەی (٦٨%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە کە زۆرترین ڕێژەیە، پێیانوایە کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی خوێندکارو خێزانەکەی دروست دەکات، ڕێژەی (١٠%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە وانە ی تایبە ت کاریگەری زۆر خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر دەرونی خوێندکارو خێزانەکەی. کاریگەری خراپ لەسەر خوێندکار دروست دەکاتو دەبێتە هۆی تێگەیشتنی زۆر لەوەی کە ئایا ئەو دەرەجە ئەهێنێت کە خۆی ئەیەوێتو ئەو بەشو کۆلێژەی کە وەریدەگرێت بەدڵی ئەبێت.

خشتەی (٢٠) هۆکارە کانی وانەی تایبەت لە لایە ن مامۆستا دەردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مرۆڤایەتاتی | ١٠ | ١٠% |
| پەروەردەیی | ٤ | ٤% |
| مادی | ٨٦ | ٨٦% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشەی ژمارە (٢٠) تایبەت بەوەی کە هۆکارە کانی  وانەی تایبەت لە لایە ن مامۆستا دەردە خات دەرکەوتووە ڕێژەی (٨٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە کە زۆرترین ڕێژەیە پێیانوایە هۆکاری مادی وا لەمامۆستا دەکات وانەی تایبەت بڵێتەوە، ڕێژەی (١٠%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە هۆکاری مرۆڤایەتی وا لەمامۆستا دەکات وانەی تایبەت بڵێتەوە، ڕێژەی (٤%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە هۆکاری پەروەردەیی وا لەمامۆستا دەکات وانەی تایبەت بڵێتەوە. لایەنی مادی وا لەمامۆستا دەکات وانەی تایبەت بڵێتەوە.بەتایبەت لەم قەیرانەدا کە واپێویستی کردوە و بوەتە سەرچاوەی بژێوی مامۆستایان .لەهەمان کاتدا ئەرکێکی قورسە بۆ سەرشانی خێزانەکانی قوتابیان.

خشتەی (٢١)

کاریگەری وانەی تایبەت  لەسەر لایەنی ئابووری خوێندکار دە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٦ | ٦٦% |
| تاڕادەیەك | ٣٤ | ٣٤% |
| نەخێر | - | - |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (٢١) تایبەت بەوەی کە کاریگەری وانەی تایبەت  لەسەر لایەنی ئابووری خوێندکار دە ردە خات دەرکەوتووە ڕێژەی (٦٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە کە زۆرترین ڕێژەیە، پێیانوایە کە لایەنی ئابووری کاریگەری لەسەر لایەنی خوێندکار دروست دەکات، ڕێژەی (٣٤%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە بەڵێ تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر لایەنی خوێندکار دروست دەکات. کاریگەری لەسەر لایەنی ئابوری خوێندکارو خێزانەکەی دروست دەکات.بەتایبەت لە ڕۆگاری ئەمڕۆدا کە قەیرانێکی دارایی و هەموو کۆمەڵگەی گرتوەتەوە.

خشتەی (٢٢)

دروست کردنی پشێوی لە پۆلدا لە لایە ن ئەو خوێندکارانەی مامۆستای تایبەتیان هەیە دە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٨ | ٤٨% |
| تاڕادەیەك | ٣٨ | ٣٨% |
| نەخێر | ١٤ | ١٤% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (٢٢) تایبەت بەوەی کە دروست کردنی پشێوی لە پۆلدا لە لایە ن ئەو خوێندکارانەی مامۆستای تایبەتیان هەیە دە ردە خات دەرکەوتووە ڕێژەی (٤٨%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە کە زۆرترین ڕێژەیە، پێیانوایە بەڵێ ئەو خوێندکارانەی مامۆستای تایبەتیان هەیە پشێوی دروست دەکەن لەناو پۆلدا، ڕێژەی (٣٨%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو خوێندکارانەی مامۆستای تایبەتیان هەیە پشێوی دروست دەکەن. ئەو خوێندکارانەی کە مامۆستای تایبەتیان هەیە پشێوی دروست دەکەن‌و کەمتەرخەم دەبن، چونکە پێیانوایە مادام خۆیان مامۆستای تایبەتیان هەیە ئیتر خەمیان نییە.

خشتەی (٢٣)

مانە وە ی وانەی تایبەت یان بنەبڕ بکرێت یاخود بەیاسای کردنی دە ردە خات

| وەڵام | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بمێنێت | - | - |
| بنەبڕ بکرێت | ٢٦ | ٢٦% |
| بەیاسا ڕێکبخرێت | ٧٤ | ٧٤% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |

لەخشتەی ژمارە (٢٤) تایبەت بەوەی کە مانە وە ی وانەی تایبەت یان بنەبڕ بکرێت یاخود بەیاسای کردنی دە ردە خاتدەرکەوتووە ڕێژەی (٧٤%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە بەیاسا ڕێکبخرێت وانەی تایبەت، کە زۆرترین ڕێژەیە، ڕێژەی (٢٦%)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە بنەبڕ بکرێتو نەمێنێت. بەیاسا ڕێکبخرێت، ناکرێت بڵێین نەمێنێت لەبەرئەوەی لایەنی ئیجابی خۆشی هەیەو هەندێك خوێندکار بەهۆی وانەی تایبەتەوە نمرەی باش دەهێنن.بوونی یاسایەك یەك خەرەوە کەگشت چینێکی خوێندکاران بگرێتەوە پێویستە لە م ڕۆژەدا بۆئەوەی لەوە زیاتر قورسایی و ئەرك نەکەوێتە سەر شانی خوێنکارەکەو خێزانەکەشی.

**دەرئەنجام**

١- لەم توێژینەوەیەدا دەرکەتووە کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوە (٥٠%) لەڕەگەزی نێرن‌و ڕێژەی (٥٠%) لەڕەگەزی مێن‌و زۆرینەیان تەمەنیان لەنێوان (١٨) ساڵیدایە، زۆرینە لەڕووی باری خێزانیەوە سەڵتن‌و زۆرینەیان باری ئابوریان باشەو هەموویان نیشتەجێی شارن.

٢-بەپێی ئەو دەرئەنجامانە دەرکەوت کە گرتنی مامۆستای تایبەت لەلایەنی خوێندکارانەوە ڕێژیەکی بەرزی هەیە.

٣- گەیشتینە ئەوەی کە وانەوتنەوەی تایبەتی لایەنی نەرێنی زۆرە لەسەر سیستمی پەروەردە، بەوەی کە وا مامۆستایەك دروست دەکات پیشەکەی وەك بازرگانیەك بەکاربهێنێت‌و دروستکردنی خوێندکارێك کە پابەندی دەوامی خوێندنگاکەی نەبێت‌و خوێندکاری بێ ئەزموونی لێ بەرهەمدێت، هەروەها دروستکردنی ئاڵۆزییەکی زۆر لەسەر سیستمی پەروەردە.

٤- گەیشتینە ئەوەی کە وا هەندێجار لەڕێگای وانەی تایبەتەوە نمرەی بەرزی بەدەستدەهێنرێت، بەڵام بەزۆری دەگەڕێتەوە سەر خوێندکارەکە خۆی لەبەدەستهێنانی نمرە سەرەڕای گرتنی مامۆستای تایبەت.

٥- لایەنی ئابووری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گرتنی مامۆستای تایبەت هەبووە.

٦- گەیشتینە ئەوەی کە گرتنی مامۆستای تایبەت‌و بوونی وانەی تایبەت کاریگەری سلبی دەروونی لای خوێندکاران دروست دەکات. زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بوونی وانەی تایبەت لەخوێندنگەوەك زۆری خوێندکاران لە ناو یە ك پۆلدا و وە کەمتەرخەمی مامۆستاکان بەرامبەرخوێندکارەکان بۆئیەوەی بەتایبەت مامۆستاکان بگرن و دەرسیان پێبڵێنەوە..هەروەها کاریگەری مامۆستای تایبەت لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێربوون لەقوتابخانەکاندا.خوێندکاریش توشی چەندین کێشەی کێبڕکی َو ئابوری و قەیران و کێشەکان کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە لەقوتابخانەکاندا.

**ڕاسپاردەکان**

١- ئامۆژگـاریکردن‌و ڕێپیشـاندانی خوێنـدکار بەشـێوەیەکی زانسـتی‌و هانـدانی خوێنـدکار بـۆ فێربـوون‌و خۆڕۆشنبیرکردن‌و ئاراستەکردنیان بەرەو دنیایەکی باشتر لەلایەنی وەزارەتی پەروەردەوەو خوێندنگا.

٢-دانانی لیژنەیەك لەلایەن خوێندنگاکانەوە، یاخود وەزارەتی پەروەردەوە بـۆ ئاگابوون لـەچۆنێتی وتـەوەی وانـە لەلایەن مامۆستاکانەوە بەبێ جیاوازیکردن کە وانەی پۆلی (١٢) دەڵێنەوە.

٣-دانانی لیژنەی بەدوادا چوون لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بەمەبەستی گرنگی دان بە ووتنەوەی وانە لـە پۆلـدا لـە لایەن مامۆستایانەوە بەتایبەت قۆناغی دوانزە.

٤-دانای باج لەسـەر ئـەو مامۆسـتایانەی کـە وانـەی تایبـەت دەڵنـەوە بەمەبەسـتی زیـاتر خزمـەت کـردن بـە کـەرتی پەروەردە و فێرکردن.

**پێشنیار**

١- ئاراستە کردنی  پێشنیارە کان بۆ لایە نی دەسەڵاتی یاسادانان یاسایەکی تایبەت دابنێـت بـۆ بنـەبڕکردنی وانـەی تایبەت لەکوردستانداو پێویستە یاسا بیربکاتەوەو چارەسەری بکات.

٢- پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕاستگۆو لـەخۆبوردەبێت‌و بێلایەنانـە بیربکاتـەوەو کـە خـۆی یاسـاکە جێبەجێبکات‌و زیاتر بەتەنگ مەسەلەکانی خوێندکارانەوە بچێت‌و وەکو مەسـەلەیەکی پـەراوێزخراو سـەیری نـەکات‌و وەکو کێشەیەکی سەرەکی چارەسەری بکات.

٣- ئەنجامـدانی چەنـد توێژینەوەیـەکی بـەرفراوان لەسـەر ڕۆشـنبیریکردنی خوێنـدکاران‌و مامۆسـتایان، لایـەنی پەروەردەیی و بەستنی کۆڕو سیمینار لەسەر شێوازی وتنەوەی وانەی تایبەت‌و بەیاسا ڕێکخستنی.

٤- هۆشیارکردنەوەی خێزانـی خوێنـدکارانمان لەسـەر جێکەوتـە سلبییەکان‌و گرتنـی مامۆسـتای تایبـەت‌و وانـەی تایبەت لەخوێندنگاکاندا لەڕێگەی میدیاکانەوە.

**سەرچاوەکان**

١.ئیدریس سیوەیلی، مامۆستای کارامەو وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چاپخانەی شڤان، هە ولیر، ٢٠١٤,

٢. چنار سەعد عەبدوڵلا، پەروەردەو نەتەوایەتی،چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠,

٣.عەبدولعـەزیز عومـەر عبـدالقادر، بەئاسـتکردنی پـەروەردەو فێرکـردن، چاپخانـەی ڕشۆشـنبیری،چاپی یەکـەم، سلێمانی، ٢٠٠٥,

٤. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی پیرەمێرد،سلێمانی،,٢٠١٤

٥.جورج سوهیر، الوعی التربوی ومستقبل،مکتبە بیروت،بیروت،,٢٠١٧

٦.یاسـین محەمـەد، ئاشـناکردنی منـداڵ بەچاکـەو دورخسـتنەوەی لەخراپـە لەسـەرەتای تەمەنیـەوە دەسـت پێدەکات،گۆڤاری داهێنان، ژمارە ٢٣، ٢٠١٣.

٧.ئینتەرنێت، حسین علی البرواری، www.qudwa.com

٨.سەردار مەلا ساڵح،بنەما گرنگەکان لەپرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ،سلێمانی،,٢٠١٧

٩.ئینتەرنێت، ئەرك وئامانجەانی پەروەردە www.hewalnews.com

١٠.ابراهیم ناصر، اسس التربیە،دار عمار للنشر، عمان، ٢٠١٦,

١١.سامان سیوەیلی ،ڕۆڵی سایکۆلۆژیا لەقوتابخانە. www.derunnasy.com

١٢.د. عبدالرحمن الحائی، چۆن لەخوێندندا سەرکەوتوو دەبیت، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر,٢٠٠٨

١٣.طه احمد ئەمین،گرفتە پەروەردەییەکان، کێبخانەی ئاراس، چاپی یەکەم،هەولێر، ٢٠١٣,

١٤.مەریوان سەلاح حیلمی، کەمال مەحمود سالح، وتارە پەروەردەییەکان، چاپخانەی سلێمانی، چاپی یەکەم،سلێمانی، ٢٠١١,

١٥.عەبدلواحید محەمەد حاجی،گۆڤاری مامۆستا، ژمارە (٣)، ٢٠١٤.

١٦.د. ابراهیم ناصر،زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەی، چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم،٢٠١٣.

١٧.ئەحمەد محەمەد ،گۆڤاری پەروەردەو فێرکردن، ژمارە٧، ٢٠١٢,

١٨. د. هاشم الراوی، مدخل الی الاحصاو، مکتب جامع الموصل، ٢٠١٧,

١٩.د. احسان محمد الحسنو عبدالمنعم الحسنی، طرق البحث الاجتماعیە، دار الکتب للطباعە والنشر، جامع الموصل، ٢٠١٦ .

٢٠. د. محمد علی محمد، علم الاجتماع و المنهج العلمی، دار المعریفە، جامعە الاسکندریە، ٢٠١٧,

٢١.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای پەروەردەی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨,

٢٢.م. محەمەد، پرۆگرامی خوێندنو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١٣,

٢٣.م. ئازاد شوانی، بنەماکانی پەروەردە، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.